


# چیرۆکی کۆبانێ لە کوێوە دەستی پێ کرد؟

# و

# ژیانی فیکریی ئۆجالان

بێهرەنگ سەدیقی

سوورێن ئیبراهیم و وریا ئەحمەد
لە فارسییەوە کردوویانە بە کوردی

# چیرۆکی کۆبانێ لە کوێوە دەستی پێ کرد؟[1]

لە فارسییەوە: سوورێن ئیبراهیم

چیرۆکی کۆبانێ لە کوێوە دەستی پێ کرد؟ کۆبانێ چ تایبەتمەندییەکی هەیە وا ئەمڕۆکە سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە؟ چۆن ئەم کۆمەڵە شەست هەزار کەسییە نەک توانیویانە لە ستاتۆیەکی ئازاد و یەکساندا خۆیان بەڕێوە ببەن، بەڵکوو بەرانبەر قورسترینی ئەو فشارانەی چاویان لە بەزاندنیانە، ئاوا بە کوڵودڵ، پاوەگەزدان بکەن؟ دەبێ لانی کەم بەشێک لە وەڵامی ئەم پرسیارانە لەو حوکمڕانییەی وا گوزارشتە لە کەجەکە[2] هەڵبگۆزین. ئەو سیستەمەی وا ئۆجالان بە درێژایی ئەو پانزە ساڵەی لە زیندان بووە، هەوڵی داوە وردبینانە نەخشەی بۆ بکێشێ. ئەم سیستەمە چییە؟ ئۆجالان چۆن بەم ئەنجامە گەیشت و سرووشی لە کێ وەرگرت، دواتر ئەمە بەرباس دەدەین. باسی ئەوە دەکەین چۆناهی لە بن باندۆری بۆکچیندا لە مارکسیزم- لینینیزمەوە نیگای بۆ ئاسۆی ئانارشیسم وەرگەڕاند، مسۆگەر لەگەڵ چێوە ئاسایی و بەرجەستەکانی ئانارشیزمیشدا ناگونجێ، هەروەتر چ پەیوەندییەک لە نێوان بیرگۆڕانی ئۆجالان و نەخشەڕێی کەجەکەدا هەیە.

---

١- لە پێگەی ‹مەیدان› بڵاو بووەتەوە:
http://meidaan.com/archive/3950 و http://meidaan.com/archive/3976

٢- کۆما جڤاکێن کوردستان

ئەو چیرۆکە کاتێ دەستی پێ کرد کە ئۆجالان پەڕتووکی «ئەمەیە ئایین»ی سەید قوتبی دانا و «ئەلفبێی سۆشیالیزم»ی لیۆ هۆبەرمەنی خوێندەوە، ئەو پێشتر قورئانی لەبەر دەخوێندەوە، کەچی ئێستا بە چپەدوو دەیوت: «دین دەهەڕۆژێ و مارکس سەردەکەوێ.»[3] وتبوویان گەر لەو ڕێبازە هەڵنەگەڕایەتەوە وا ئەوی بۆ پێشنوێژیی مزگەوتی گوندەکەی هەڵکشاندبوو، ئەوا سەرەنجام ڕەنگە بتوانێت «مینا فریشتان بفڕێ.»[4] بەڵام گۆڕا. مارکس و لینینی خوێندەوە. ساڵی ١٩٧٦ پەکەکەی لە ئەنکەرە دامەزراند و ڕێبەرێتیی کرد (اوجالان، ١٣٨٩آ:٨). سەرەنجام پاش ئەوەی پێنج ساڵ یەکبینە مارکس و لینینی خوێندەوە، دواجار لە بەهاری ئامەد نەخشەڕێیەکی ئاگرینی چاپ کرد و ئەو مارکسیزم-لینینبزمەی وا هەموو پێکهاتەیەکی ڕیڤیژیۆنیست (لادەر)یان لە مارکسیزمدا دەکوتایەوە، جا چ برنشتاین بێ چ ترۆتسکییی و هەر پارتێکی سۆشیال دیموکراتی ئەورووپایی، هەموویانی بە دەسکەلای ئیمپریالیزم دانا کە ئێستا بە سەرکەوتنی سۆشیالیزم لە کۆماری یەکێتیی سۆڤێت ببووە بە سەگێکی هار (اوجالان، ١٣٨٩آ: ٨ و ٤٨-٤٩، هەروەها بڕوانە اوجالان، ١٣٩٢). ئەمە بوو ڕێگای شۆڕشی کودستان (١٣٨٩)، جا ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو بۆ گەلی کورد، ساڵی ١٩٧٨ ناوی ئاپۆی بەبەردا بڕا و بە ڕێبەریان ناودێر کرد.

شڤان پەروەر تێی دەچریکێنێ «بەرخۆدان ژیانە، هەی هەی، سەرهەڵدان ژیانە، هەی هەی.» عەبدوولـڵا ئۆجالان تفەنگەکەی

3- http://ramyari.blogfa.com/post-20.aspx

4- http://nnsroj.net/fa/detiles.aspx?id=6279&ID_map=22

هەڵگرت و وتی: «باکوور باشوور ڕۆژهەڵات... یەک ئامانج و یەک خەبات.» جا کوردانیش لە شاری پێغەمبەرانەوە[٥] بۆ چیاکان ملی ڕێیان گرت. شڤان دیسانەوە تێی هەڵکرد و ئۆجالان سەد بەرگ پەڕتووکی نووسی، کوردەکانیش دیسانەوە ڕێی کێوانیان پێوا، تا شەهیدان بۆ چل هەزار و زیندانییان بۆ دەیان هەزار کەس هەڵکشان. تا ماندێلا لە پێدانی مافی پەنابەرێتیی بە ئۆجالان پەژێوان بوویەوە، تا بلێند ئەجەوید لە تەلەفزیۆنەوە ئۆجالانی بە کەلەپچەکراوی نیشان دا. ئێستا ١٥ـی شوباتی ١٩٩٩ بوو، نە باسی مارکسیزم دەکرا نە لینینیزم، کە سی ساڵێک ئاپۆ و لایەنگرانی کۆ کردبووەوە، شڤان پەروەریش ئیتر لە بری «ڕێبەر» دەیوت «بەڕێز»، پاشان لە تەنیشتی برایم تاتلیساسەوە بەرزەپێ وەستا و لە پەناگوێی بارزانیی و ئەردۆگانەوە سترانی دەچڕی. ئاپۆ ڕاچڵەکی، هەستی کرد دەبێت بگۆڕێ، جا گۆڕا.

ئێستا پانزە ساڵە ئاپۆ لە دوڕگەی ئیمڕاڵی تەنیایە و ڕەنگە تا هەتایە تەنیا بمێنێتەوە، ئەو لە گەنجییشدا «مرۆڤێکی تەنیا» بووە، خۆی دەڵێت تا ١٥ـی ئابی ١٩٨٤، کە هێشتان چەکی هەڵنەگرتبوو و گرووپی پێکەوە نەنابوو، تا ئەوکاتەی بانگەشەی «کوردستانی ئازاد و یەکگرتوو و دیموکراتیی» وەسەر زاران نەهاتبوو، واتە تا سی و شتێک ساڵیی، کۆمەڵایەتیی نەبووبووەوە (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٢٨ـ٢٣٢). دیسان تەنیا ماوەتەوە، لێ لەم تەنیاییەدا، نەگۆڕاوە، کراسگۆڕکێی کردووە، ئێستا ئۆجالان بۆ خۆیشی ئەو ڕابەرە نییە وا بوو، ئەو

---

٥- بۆ باسی ئەم شارە بڕوانە: http://pyragy.blogfa.com/post-419.aspx و http://aliakbarzadeh49.blogfa.com/post-172.aspx

ڕابـەرە سیاسـییە- پراکتیکیـەی فەرمانـی دەدا و دیتـران جێبەجێیـان دەکـرد، ڕێبەرێتیـی خـۆی لـەم سـاڵانەی زینداندا بـە ڕێبەرێتییەکـی کۆمەڵناسـانە دادەنێت. ئاپۆ لـە سـاڵانی ئیمراڵییدا خەریکی ڕەنگاندنی چێوەیـەک بـووە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی، گەرچی ئەمـەی لـە قووڵایـی دیرۆکـەوە هەڵگۆسـتووە، لـێ پێـی وایـە کۆیادێکـی ئەزەلییـە و هێنـدە بەسـە بیـری بێنینـەوە تـا وەڕاسـت بگەڕێتـەوە. ئـەو لـەم سـاڵانەی زینداندا ڕەهەندێکـی تیۆریـی هەڵدووریوەتـە بـەر سیاسـەتکاریی ئەزموونیی ئـەم سـی ساڵەی خـۆی (اوجالان، ١٣٩٢: ١٩٨). لـەم ڕێگەیـەدا ڕووی لـە زۆر کـەس نـاوە؛ لـە بۆکچینـەوە تـا واڵەرشـتاین و فۆکـۆ، لـە هەریەکـە و گوڵێکـی چنیـوە. (اوجالان، ١٣٨٩ب: ١٢-١٣). جێگرەوەیەکـی بەرانبـەر مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی ڕاسـت کردووەتـەوە و نـاوی لـێ نـاوە مۆدێرنیتـەی دیموکراتیـک.

مسـۆگەر پـاش ئەمـە نـەک تەنیـا سـەرمایەداریی، بەڵکوو بێپـەروا ڕووبـەڕووی ئـەو هاوڕێیانـەی سۆسـیالیزمی زانسـتیی و واقعیـی دەبێتـەوە وا سـەرەتای سـەرهەڵدان پێکۆڵانـە بەرگریـی لـێ دەکـردن، چـون نەیانتوانیـوە خۆیـان لـە تەڵـەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی ببوێـرن. (بۆ نموونـە بڕوانـە ئۆجـالان، ١٣٨٩ ب:١٤ و ئـەو مژارانـەی پاشـان دێـن). لـەم کێشمەکێشـەدا نـەک تەنیـا لینیـن و سـتالین و مـاو، بەڵکـوو چـاو لـە مارکـس و ئەنگڵسـیش ناپۆشـێت:

تـا ئەندازەیەکـی بـاش ڕوون بووەتـەوە سۆسـیالیزمەکەی مارکس- ئەنگڵس، کـە وەک بەرهەڵەسـتی [سیسـتەمی سـەرمایەداریی] سـەری هەڵـدا، سـادەترین ڕاڤـەی بەسـتێنی کۆمەڵایەتییـە، ئەمانـە سـەرباری سـەرپاکی بانگەشـەکانیان دژی دژبەرەکەیـان، لـەو لیبڕالیزمـە

زیاتـر خزمەتـی سـەرمایەدارییان کـرد وا ئایدۆلۆژیـای فەڕمیـی سـەرمایەدارییە (اوجـالان، ۱۳۸۹ب: ۱۱).

دەی، سـاڵی ۲۰۰۵ پێڤاژۆی بەسوێی ڤەژینی ناسنامەی کوردیی بڕانـدەوە و ڕایگەیانـد، جـا لایەنگرانـی بـۆ پاراسـتنی ئـەم زارۆڵـە بانگهێشـت کـرد (اوجـالان، ۱۳۹۲: ۱۹٤). لەمەوپـاش ئیتـر ئاخافتنەکانـی پێشـتری دووپـات نەکـردەوە، ئـەو لـە هـەواری ئیبراهیمـەوە دەهـات و دەیخواسـت ڕێـی ئـەو بگرێتـە بـەر: «... لـە زادگای ئیبراهیـم... لەدایـک بـووم؛ لـەو جێیـەی ئـەو بتەکانـی شـکاند، بـۆ پێشخسـتنی بزووتنەوەیەکـی بتشـکێن تێکۆشـام؛ وەک دەرچوونـی ئـەو، ڕێـگام پـەی کـرد.» (اوجـالان، ۱۳۹۲: ۲۳٥).

خـۆی دەڵێـت لـە ڕۆم ئـەو دەرچوونـەی کـرد، چـۆن سـەری لـە ڕۆمـاوە دەرهانـی؟ سـاڵی ۱۹۸٤ لـە ژێـر کاریگەریـی فشـارەکانی کودەتـای سـەربازیی ۱۲ سێپتەمبەری ۱۹۸۲ لـە تورکیـا و ڕێبەنـدی زمانی کوردیی (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۳۲) ڕۆشتە سووریا و لەگەڵ لایەنگرانی لـە دۆڵـی بیقـاع نیشـتەجێ بـوو. هـەر لـەوێ بـە ڕەسـمیی کوردانـی بۆ چالاکیی سـەربازیی بانگهێشـت کـرد. سـاڵی ۱۹۹۹ لـە سۆنگەی ئـەو پیلانگێڕییـەی تورکیـا بۆ ئـەو و سووریای گێڕابوو، لـە شـام و حەڵەبـەوە ڕۆشـتە ئەسـینا و مۆسـکۆ و دووشـەنبە و پاشـان ڕۆمـا. هەڵبەتـە ڕەنگـە ئەمـە ئەو گەشـتە ڕاستەقینەیە نەبووبێ وا ئەو پێوای، ڕەنگـە ئـەو سـی سـاڵە بەرخۆدانـە بێـت وا ئـەوی بـە ڕۆمـا گەیانـد. مسـۆگەر بـە بەهـای گیانـی چـل هـەزار کـەس، دواجـار خۆشـی پەنـای بـۆ سـەفارەتی یۆنـان لـە کینیـا بـرد. جـا لـە نایرۆبیـی لـە کەلەپچـەی میتـدا گەڕێنرایـەوە بـۆ ئەسـتەنبووڵ، ئالیاژش فەرمانەکـەی کلینتۆنـی

بە ئەجەوید دابوو. لەوێشەوە بۆ هەمیشە تاکوتەنیا، بۆ دوڕگەی ئیمرالیان گواستەوە. لە ڕۆما بوو کاتێک دوادیداری ئەنجام دا و وتی گەرەکە پەکەکە نوێ بکرێتەوە[٦]. هەر ئەو کارەی وا لە گۆشەگیریی دوڕگەی ئیمرالی پلانی بۆ کێشا، پایەکانی سۆسیالیزمی زانستیی و واقعیی نۆژەن کردەوە، هەرچەندە سێ ساڵ پابەندی بوو. «... بەهۆی ئەو کاریگەرییەی سۆسیالیزمی واقعیی لەو ساڵە زۆرانەدا دایناببوو،.» زۆر سەخت لە کۆڵی بوویەوە (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٣٣).

مسۆگەر ئەو دەڵێت ئەم سۆسیالیزمە زانستیی و واقعییە کێماسییەکی هەبووە و لە تێکڕای ئەم سێ ساڵەدا زایەڵەیەکی کپ لە زەینیدا دژبەری بووە، جا هەمیشە بۆ چارەسەرێک گەڕاوە تا لە کۆڵی بێتەوە (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٣٣، هەروەها بڕوانە اوجالان، ١٣٨٣: ٣٠٦). ئەم زەینییەتەش پڵتۆکێکی ویستووە تا لە خەو ڕاچەنێت، چریکەی باوە ساڵەح[٧] لە ڕۆما ئەم پڵتۆکە دەوەشێنێ: چمان ڕاستینەی گەلی کورد لە گەرووی باوە ساڵەحەوە هەڵایسا (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٣١). باوەساڵح لە دەشتی موسڵ دەدوا، هەنگێ دەروێشی عەبدیی[٨] لە چیای شەنگاڵەوە گاز دەکات تا ناسنامەی کورد بەرانبەر دوژمنانی بپارێزێت و پاراستی، تا خۆی لە خوێندا گەوزا، کاتێک دەروێش لە ئەسپەکەی گلا، ئەو دەوڵەت- نەتەوە کوردییەی وا سێ ساڵ بوو ئۆجالان لە زەینیا دەیڕەنگاند، شکستی

6- http://nnsroj.net/fa/detiles.aspx?id=6279&ID_map=22

٧- هونەرمەندێکی بەناوبانگی کوردە.

٨- داستانێکی بەناوبانگی کوردییە و بە زاری کرمانجییە، دەروێشی عەبدیی ئاشقی عەدوولە بووە، بۆ ئەوەی بە ئەڤینەکەی بگات، مەرجێکی بۆ دادەنێن، لەگەڵ دوانزە کەسی یارانی لەگەڵ دژی دوژمنانی نیشتمانەکەی، کە هێرشکەرانی عەرەبن، ڕادەپەڕێ، جا سوپای دوژمن بە تەڵەکەبازیی ڕاپێچی خاکێکی نەرمەڵانی دەکەن، سمی ئەسپەکەی لە خاک ڕۆ دەچێ، دەروێش لە ئەسپ دەگلێ و بریندار دەبێت و دەمرێت. (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٣٣)

هێنا، جا لەگەڵ ژنەفتنی چریکەی باوەساڵەح، دەستی لە «ئەو دەوڵەت-نەتەوەیەی لەگۆڕێ نەبوو»، بەر دا. (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٣٣-٢٣٤).

بەم ڕەنگە دواجار لە گۆشەگیریی ئیمڕاڵییدا تێگەیشت پڕۆژەی سۆسیالیزمی زانستیی و واقعیی لە بنەوەڕا هاوتای پڕۆژەی دەوڵەت- نەتەوەیە؛ بنیاتی ئەم پڕۆژەیە سەرمایەدارانەیە. (اوجالان، ١٣٩٢: ١٩٧). ئەم پڕۆژەیە وەک نەخۆشییەکی هەمیشەیی کەوتووەتە کەوڵی زۆرینەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەویش سی ساڵ دووچاری بووە (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٣٣)؛ هەمان نەخۆشیی بوو کە «لینینی شێت کرد و ستالینی کوشت!» تەنانەت «شۆڕشی کەلتووریی ماوییش دەرمانی دەردی ئەوی نەکرد» (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٣٤). بێگومان لە باسی ئەم نەخۆشییەدا ئەولاتر ڕۆشت و هەڵەکەی مارکس و ئەنگڵسی بە هاتەریبی پڕۆژەی دەوڵەت- نەتەوە زانی: «گەورەترین هەڵەی بنیاتنەرانی سۆسیالیزمی زانستیی، واتە کارڵ مارکس و فردریک ئەنگڵس، ئەوە بوو لەبری ئەوەی دژی ئەم دژەشۆڕشەی دەوڵەت-نەتەوە ڕاوەستنەوە، کەچی پشتیوانییان لێ کرد.» ئۆجالان پاش گورزی بۆرژوازیی، ئەمە بە گەورەترین گورز دادەنێ تا ڕۆژی ئێمە بەر شۆڕش و بزووتنەوە دیموکراتییە کۆمەڵایەتییەکانی گەلان کەوتبێت (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٢٧).

بەم ڕەنگە، تا ئێستا ژینی ئیمڕاڵی بە «هەوڵ و کۆش بۆ ئازادیی یەکجاریی لە پاوانەکانی ئەو خواوەندە» گوزەراندووە، خواوەندی دەوڵەت-نەتەوە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات گەر نەبێت،

نە هیچ لە خێزان دەمێنێتەوە نە ئایین و جڤاک (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٣٤)[٩].

تەنیایی ئیمپڕاڵیی بەختێکی باشی بەو داوە تا دوور لە خوێن و خوێنڕێژیی لە کاریگەریی تەسکبینانەی نەتەوەپەرەستیی ڕزگاریی بێت و جێگرەوەیەک بەپێی مۆدێرنیتەی دیموکراتیک پێش بخات، سا ئەمە نەخشەڕێیەکی سەرپاک جیاوازە لە نەخشەڕێی دەوڵەت (اوجالان، ١٣٩٢: ١٩٧). بەم ئاوایە چەمکی مۆدێرنیتەی دیموکراتیی وەک جێگرەوەی مۆدێرنیتە ڕەنگڕێژ کرد: «وەک چۆن کارڵ مارکس میتافیزیکی دیالێکتیکی هیگڵی وەرگەڕاندە سەر ماتریالیزمی دیالێکتیک، منیش هەوڵم دا مۆدێرنیتەی سەرمایەیەداریی وەرگەڕێنمە سەر مۆدێرنیتەی دیموکراتیی» (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٣٤).

هەر لەم بارگۆڕانەدا، دەستبەرداری دەوڵەت بوو، پێی وابوو ئەم بوونەوەرە ناتوانێت بەپێی پێڤاژۆیەک و لە سەرەوەڕا دیموکراسیی وەدی بێنێ، پێی وابوو «بیرۆکەی دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت» لە ڕیشەوە «پووچەڵە»، ئەو دەوڵەت بە ئامێری سەرکوت و «سیستەمی گەشەسەندووی چینی فەرمانڕەوا» و «یەکێک لە ترسناکترین دیاردەکانی مێژوو» دەزانێ، ئەمەش بۆ دیموکراسیی، ژەهرێکی کوشندەیە و بەم دەساوێژە «سیستەمێکی دیموکراتیی پاوەجێ ناکرێت»، سا بۆیە بۆ وەدیهێنانی دیموکراسیی، دەبێت هەوڵەکان لە سەر دەوڵەت چڕ نەکەینەوە و نەبینە دەوڵەت، چونکە ئەمە دێتە واتای لەدەستچوونی دیموکراسیی و خەڵک دەکاتە گەمەی دەستی پەرگاڵی سەرمایەداریی. (اوجالان، ١٣٨٣:، ١٧٧ بە نقل از Biehl, ٢٠١٤)[١٠].

---

٩- دەڵێن گوایە گرامشییش لەم ڕاستییە نزیک بووەتەوە (اوجالان، ١٣٩٢: ٢٣٤)

١٠- بێگومان ئۆجالان لە هەمان پەڕتووکدا ڕیزێک خاڵی دژ بەو مژارەی لای سەرێ دەبێژێت. بۆ نموونە: «من پێم وایە ڕاست نییە گەر دەوڵەت ڕامالێن و شتێکی تر ببێتە جێگرەوەی.» ئەوە «خەیاڵپڵاوییە کە دیموکراسیی بە ڕامالێنی دەوڵەت دێتە گۆڕێ». لەبری

بەهەرحاڵ، پەکەکەش «سەرەتا پشتی بە سیستەمی سۆسیالیزمی واقعیی دەبەست»، دەبوو دەستبەرداری ڕێبازی دەوڵەت-نەتەوە ببێت و پێ بەرەو دیموکراسی هەڵکوتێ. (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۱٤). ئیتر نەیدەتوانی تێزی دەوڵەتی سەربەخۆ و سەربەخۆیی نەتەوەیی (اوجالان، ۱۳۸۹آ: ۱۷) بە «تاکە شیکاریی ڕاستی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان.» بزانێ (اوجالان، ۱۳۸۹آ: ۱۰٤). ئیتر نەیدەتوانی پێواژۆی جەنگێکی نەتەوەیی، کە تاکتیکی سەرەتای شۆڕشی کوردستان بوو (اوجالان، ۱۳۸۹آ: ۱۰۰-۱۰۱)؛ بەپێی ئەو ڕێبازەی دەوڵەت-نەتەوە وا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی گەلی کورد ڕەنگڕێژ کرابوو، بە ڕێباز بگرێت. لە

---

ئەمە دەکرێت دەوڵەت بچووکتر بکرێتەوە و کەوشەنەکانی پتر سنوورمەند بکرێن، ئۆجالان پێی وایە هەندێک جووڵەی دەوڵەت هەن پێویستن: بۆ نموونە: ئاسایشی گشتیی، ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و بەرگریی نەتەوەیی. کۆما جڤاکێن کوردستان دەپەرژێتە سەر ئەو مژارانەی وا «دەوڵەت ڕایەی ناکەوێت تەنیابال ڕاستەوپاستەیان بکات»، دەوڵەتێکی سنوورمەند دەتوانێت دەستوپەنجە لەگەڵ دیموکراسیی نەرم بکات، دەوڵەتێکی سنووردار لەگەڵ دیموکراسیی دەگونجێت و هاوتەرییبێتی. (دفاع از یک خلق وەرگیراوە لە Biehl, ۲۰۱٤ و هەروەها بڕوانە اوجالان، ۱۳۸۳: ۲۹٤). هەر لەبەر ئەمەیە لە هەندێک بارودۆخدا بە پێکەوەژیانی گەلی کورد «تەنانەت لە چوارچێوەی یەکپارچەیی دەوڵەت-نەتەوە» و «بەبێ گۆڕینی دەوڵەت نەتەوە فەرمانڕەواکانیش بۆ شێوازی وەک فیدراڵیزم» (اوجالان، ۱۳۹۱: ۱۳۳) و ژیان لە ژێر ئەو سەیوانە سیاسییەی لە دەوڵەت نەتەوەی تورکیاشدا هەیە؛ ڕازییە (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۱٤). لەم ڕێگایەدا «سیاسەتی دیموکراتیی و ئاشتییەکی شکۆمەندانە» بە گونجاوترین سیاسەت دەزانێت نەک «جەنگ» (اوجالان، ۱۳۹۱: ۱۳۱) کە لە سۆنگەی سیاسەتە نەرێنیی و پاکتاوکەرەکانی دەوڵەتی تورکیاوە دژی کوردان، بە تایبەت پاش کودەتای سەربازیی ۱۲ی ئەیلوولی ۱۹۸۲، بەربینگی کوردانی گرتبوو. (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۰۱). مسۆگەر هاوکات هۆشداریی ئەوەش دەدات گەر ڕێ بەو ئاشتەواییە دیموکراتییە نەدرێت، ئەوا تاکە ڕێ جەنگێکە مەزنتر لە جەنگی پێشوو «جەنگێکی سەرتاسەریی و یەکلاکەرەوە» (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۰۰ و ۲۰۱). هێرشەکانی ئەم دواییانەی دەوڵەتی تورکیا نیشاندەری ئەوەیە گوایە کوردان پتر ڕێکاری دووەم دەگرنە بەر. سەربار؛ ئەو دەبێژێت: «گەر پرۆسەکەی بەردەممان، چ بە دەساوێژی جەنگێکی ناکۆتا بێت یان ئاشتیی، سەر بکەوێت، ئەوا بەرەنجامەکەی ڕسکانی نەتەوەی دیموکراتە. بەم ڕەنگە لەو فەرهەنگ و شارستانییەتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وا گەمەی هەزاران ساڵ شارستانییەتی چینایەتیی و شارنشینیی و دەوڵەت کردوویەتی بە حەمامی خوێن و هۆز و ئایین و ئایینزا و گەلانی بەرداوەتە وێزەی یەکتری، سەردەمی مۆدێرنیتەی دیموکراتیی بەپێی پێکەوەژیانی گەلانی دیموکرات چاو بەم ژینە هەڵ دێنێت.». (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۰۱)

سۆنگەی ئەم بیرگۆڕانەی ئاپۆوە، دەبوو پەکەکەش نوێ ببێتەوە. ئەوە بوو کراسی پارتێکی لەبەر هەڵدووری، وەک پارتێک نا کە لینین وێنای دەکرد، ئۆجالان ئێستا ڕەخنەگری ئەوەشە (اوجالان، ۱۳۹۲: ۱۹۶، هەروەها بۆ ڕەخنەی حزب بڕوانە اوجالان، ۱۳۸۳: ۳۵۳). ئەم پارتە دامەزراوەیەکی ئایدۆلۆژییە و ئەرکی ئاڕاستەکردنی فیکریی ئەندامانی لە ملە: «ئەم دامەزراوەیە ناوەندێکی کردەکیی نییە و مافی ئاڕاستەکردنی کردەیی نییە، تاکە ئەرکی چاودێریی چالاکییە فیکریی و ئایدۆلۆژییەکان و پەروەردەی ئایدۆلۆژییە لەلایەن کادیرەکانییەوە لە سەرپاکی بەشەکانی کوردستان.»[11]. شابنەمای ستراتیژیی ئەم پارتە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە فیکریی و ئایدۆلۆژییە، «نەتەوەی دیموکرات و پیشەسازیی ژینگەپارێز و ئابووریی سۆسیالیستییە»، سیاسەتیشی بەپێی ئایدۆلۆژیا و کۆمەڵناسیی و زانست و ئەخلاق و هونەرە (اوجالان، ۱۳۹۲: ۱۹۸). لەم ڕێگەیەدا کەجەکە بە ئالاهەڵگر دەزانێت (اوجالان، ۱۳۹۱: ۱۳۱). ئاپۆ لەم ساڵانەی زینداندا هەموو خەم و کۆششی بۆ ئافراندنی ئەمە سووتاند، پێمان دەڵێت ئەمە چییە و دەبێت چی بکرێت.

## بەڵام KCK چییە؟

ئۆجالان بە دەستنیژی ڕەخنەگرتن لە دەوڵەت-نەتەوە کەجەکەی ڕەنگاند، ئەو پێی وایە دەوڵەت-نەتەوە «شێوەی ڕێکخستنی هێزی هەژموونگەرایی پاڵپشت بە سیستەمی سەرمایەدارییە، گونجاوترین سیستەمی دەوڵەتییە کە زۆرترین سوود و پیشەسازگەرایی وەدی دێنێ.»

11- http://www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=11001

هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت لەلایەن هەر نەتەوە و ئایینێکەوە، بە واتای «پاڵپشتیی جیهانبیبوونەوەی سەرمایەداریی و هەڵکشانی بەرهەمهێنان و تێکدانی ژینگە» دەزانێت. (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۱٤، هەروەها بڕوانە اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۲٤). مسۆگەر لەم نێوەندەدا لە نێوان دەوڵەت-نەتەوەی سەرمایەداریی و سۆسیالیستیی واقعییدا جیاوازییەکی وا نابینێتەوە. جگە لەوەی ئەوەی دووەمیان «دەوڵەت- نەتەوەیەکە بە دەمامکێکی چەپڕەوانەوە» (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۱٤)، تەنانەت لە شێوازی یەکەم چەپۆکسالارتر و ئامادەترە بۆ دەرکەوتنی فاشیزم، هەرچەندە سەرەتای شۆڕش، فاشیزمی بە بەرهەمی دەوڵەتە بۆرژواکانی نێو دەوڵەتە سەرمایەدارەکان دەزانی (اوجالان، ۱۳۸۹آ: ٤٠).

ئەو کەجەکە بە جۆرێک لە سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی دیموکراتی کوردستان یان ڕوونتر ئۆرگانی سیاسەتی دیموکراتیی کۆمەڵگەی خۆبەڕێوەبەریی کوردستان دەزانێ. ئەمەش پشتبەست بە «تێگەشتنی دیموکراتیی نادەوڵەتیی» و بە درووشمی «بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان» (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۱۳). ئەم ڕێبازە دیموکراتییە نەک پەیوەندیی بە مۆدێلە بەرچاوەکانی دەوڵەت-نەتەوەوە نییە، تەنانەت لە پێڕی سیستەمە فیدراڵەکانیش نییە، چونکە سیستەمە فیدراڵەکان هەر بیچمێکی ڕاستەوپاستەکراوی دەوڵەت-نەتەوەن (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۱٤).

کەجەکە لە ڕیشەوە نە هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەت دەدات و نە بۆ دەستبەسەراگرتنی (اوجالان، ۱۳۸۳: ۱٦٦). خەونی کوردستانی گەورە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ گەلی کورد، کە ئامانجی سەرەتای پەکەکە بوو، کەلا دەخات و جوداخوازیی بە ئامانجی خۆی نازانێت، سا سەرقاڵی «دیموکراتیزەکردنی کوردە»

و تەنانەت گەر کەسێک جیابوونەوە بداتە کۆڵی کورددا، ئەم پێملی نابێت (اوجالان، ۱۳۸۱ب: ٦٠). کەجەکە پێچەوانەی سەرەتا، نەک «خۆبەڕێوەبەریی هەرێمیی» بە ڕیفۆرمخوازانە و کۆنەپەرەستانە نازانێ (اوجالان، ۱۳۸۹آ: ۱۰٤)، بەڵکوو ئێستا بە کولودڵ ئەوەی گەرەک، ڕێکاری پێگەشتنیشی بە پراکتیکی خۆبەڕێوەبەریی (ئۆتۆنۆمیی) دەزانێ، جا چ بە ئاشتیی و ڕەسمیی یان بە جەنگی خەستوخۆڵ (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۱٤-۲۱۷).

بنەمای یەکێتیی گەل لە کۆمەڵگەیەکی ئاوادا نە بە دەوڵەت دەزانێ، نە بازاڕ و یاسا و کەلتوور، ئەم پێناسانە بۆ نەتەوە کۆسپی سەرەڕێی ڕێزلێنانە لە هەمەچەشنیی و تەڵەزگەی دیموکراسییە، گەل لە سیستەمی کەجەکەدا لەو تاکانە پێک دێت وا ڕامانێکی دیموکراتیی هاوبەشیان هەیە، جا پاڵپشت بە باوەڕبوون بە جڤاکە ئازاد و یەکسانەکان و بەپێی فرەیی و جیاوازیی. یەکەمیان بە پەروەردە و زانست و فەلسەفە و هونەر وەدی دێت و دووەمیش لە سۆنگەی مافی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتانەی گەل (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۱٥-۲۱۷).

سیستەمی کەجەکە بۆ نەتەوەیەکی دیموکرات، ئەم دە تەوەرە، بە سەرەکیی دەزانێت: (اوجالان، ۱۳۹۲: ۲۱٦- ۲۳٦)

۱. ئازادیی تاکەکەسیی و کۆمیناڵ پێکڕا بەدی بێت. (گەر ئەندامانی نەتەوەی دیموکرات هاونیشتمانیی دەوڵەت-نەتەوەش بن، ئەوا دەبێت ڕەهەندیی هاووڵاتییبوون بۆ ئەم دووانە سەربار بخرێت، جا لە چوارچێوەی دەستووردا پێناسە بکرێت و سنوورەکەی ڕوون بکرێتەوە.)

۲. بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیی، ئەمە ڕەهەندە سیاسییەکەی نەتەوەی دیموکراتییە و گرنگترین کۆڵەکەیە، لەم

گۆشەنیگایەوە کەجەکە نەخشەڕێ و دامەزراوەیەکی هاوشێوەی دەوڵەت-نەتەوەی هەیە، لێ سەرپاک لە دەوڵەت-نەتەوە جیاوازە، ناوەندی بڕیارەکەی کۆنگرەی گەلە، ئەمەش ناوەندێکی دیموکراتییە بە پێشەنگایەتیی چینەکانی خەڵک و توێژی ڕۆشنبیران.

بە پێچەوانەی سیستەمی پەرلەمانیی دەوڵەت-نەتەوەکان، کە جڵەوی لە دەست چینە زەنگین و بۆرژواکانە، ئەنجوومەنێکی بڕیاردەر بەڕێوبەریی کەجەکە چێ دەکات، ئەمەش هەماهەنگ[12]ی چالاکییە ڕۆژانەییەکانی خەڵکە، ئەمە پتر لە دامەزراوە مەدەنییەکانەوە نزیکە تا ناوەندە حکومییەکان، هاوسەرۆکایەتیی گشتیی کەجەکە بەرزترین ئاستی گشتیی نوێنەرایەتیی نەتەوەی دیموکراتیی پێک دێنێ، ئەمە چاودێریی یەکسانیی نێوان یەکە جیاوازەکانی کەجەکە و جێبەجێکردنی سیاسەتە بنەڕەتییەکان دەکات. جا لە ڕێی هەڵبژاردنێکی گشتییەوە هێڵکێش دەکرێت. هەروەها پارتە سیاسییەکانی نێو ئەم سیستەمە دەوڵەتتەوەر نین و پرسە کۆمەڵایەتییەکان مژاری کاری وانە، ئەم پارتانە کۆمەڵگە هۆشیار دەکەنەوە و ڕێکی دەخەن و لە بەرانبەر دەوڵەتدا بەردەوام پاڵپشتییان دەکەن[13]. لە سەرپاکی ئەم مژارانەی سەرێدا دیموکراسیی ڕاستەوخۆ بەکار دەبرێت[14]

٣. لەم سیستەمەدا خۆبەڕێوەبەریی جڤاک تەوەرە، نەک ئەو شار و چین و دەوڵەت و شارستانییەتانەی وا بوونییان بە تاکگەرایی و

12- coordinate

13- http://www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=11001

14- http://andaryari.blogspot.ca/2014/05/blog-post_6.html

هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەوە بەندە. ئامانجیش هەر ئەم مانەوە و بەردەوامییەی کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتییە.

٤. ئازادیی ژنان و ڕزگاربوون لە ڕوانینی ناموسیی ڕۆژەڤە، بە بۆچوونی ئۆجالان «ژنی ئازاد، کۆمەڵگەی ئازادە، کۆمەڵگەی ئازادیش، نەتەوەی دیموکراتییە.» ئەمە واتا هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر ڕوانینی زاڵی زایەندیی پاڵپشت بە وەچەخستنەوە لای پیاوان و ژنان، ئۆجالان ئازادیی ژن ئەوەندە بە گرنگ دەزانێت، لە جێیەکدا دەبێژێت: «دەڵێن کرێکارە ستەملێکراوەکان جیهان ڕزگار دەکەن، بەڵام من دەڵێم ژن جیهان ئازاد دەکات.» (اوجالان، ١٣٨١ب: ١١٧)

٥. دەستەبەرکردنی خۆبەڕێوەبەریی ئابووریی پشت بە پیشەسازیی ژینگەپارێز و ئابووریی هەرەوەزیی دەبەستێت، پێویستە ئابووریی و پیشەسازیی و گەشە بە پێودانگی ژینگە بێت، سیستەمی ئابووریی و بازاڕ لەم سیستەمەدا بەپێی پارەپەیداکردن و لە ڕێی پارەوە نییە، بەڵکوو بەپێی سووڕی ئابوورییە، هەروەها هەوڵدان بۆ کردەییکردنەوەی درووشمی «کارکردن ئازادییە.» لە جێی وێناکردنی کار وەک کاری دژوار و بێگاریی. بەم پێودانگە «پاراستنی خاک و دارستانسازیی... پیرۆزترینی کارەکانە».

٦. پێکهاتەی یاسایی لە کەجەکەدا پشت بە ڕێزگرتنی هەمەچەشنیی و پاراستنیان دەبەستێت.

٧. کەجەکە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی ڕاست فەرهەنگ و دیرۆکی کوردان زیندوو بکاتەوە.

٨. لەم سیستەمەدا بەرگریی پشت بە سیستەمی پاراستنی جەوهەریی دەبەستێت، ڕوونتر؛ پەکەکە لە سەرەتای سەرهەڵداندا

بۆ پاککردنـەوەی دەروونـی گەلـی کـورد، پاراسـتنی جەوهەریـی ڕەچاو کرد، پاشـان پاراسـتنی جەوهەریـی لـە ڕێـی جەنگـەوە کردەیی کـردەوە. جـا لـە قۆناغـی یەکەمـدا ئـەم سیسـتەمەی پاراسـتنی جەوهەریـی، بـە مەرجـی بـە ڕەسـمیی ناسـینی مافـی خۆبەڕێوەبەریـی دیموکراتیـی گەلـی کـورد، شـێوەیەکی ئاشـتییخوازانە وەردەگـرێ. بـەم پێودانگـە «دەبێـت جگـە لـەو بەرگرییـە نەتەوەییـە هاوبەشـەی وا بەرانبـەر دەرەوە ڕەنگڕێـژ دەبـێ، سـەرپاکی کاروبـاری تەناهیـی، لەلایـەن کۆمەڵگـەی کوردییـەوە بەڕێـوە ببرێـت.» چونکـە «هەمـوو کۆمەڵگەیـەک تەنیـا خـۆی دەتوانێـت بارودۆخـی تەناهیـی ناوخۆیـی بـە ڕێکوپێکیـی پاوەجـێ بـکات و ئامانجـەکان بـە باشـترین شـێوە وەدی بێنێـت.».

٩. لـە کەجەکـەدا دیپلۆماسـییەت وەک ئامـڕازی ئاشـتیی و گرێدانـی پەیوەندییەکـی گونجـاو و دۆسـتانە لەگـەڵ گەلانـی دراوسـێ و کۆمەڵگـە نزیکـەکان و بـۆ ڕەخسـاندنی کۆبوونـەوەی هاوبـەش و درووسـتکردنی کۆتیـز لـە ئاسـتێکی بـاڵاتـری جڤاکـدا، سـوودی لـێ دەبینرێـت. هـەر لـەم بەسـتێنەدا «یەکێـک لـە شـائەرکە نەتەوەییـەکان، پەرەپێدانـی دیبلۆماسـییەکی سـەرتاپاگیری نێـوان کوردانـە»، کۆمـا جڤاتێـن دیموکراتیـی (کەجـەدە) دەتوانێـت ڕۆڵێکـی لـەم چەشـنە وازیـی بـکات، ڕەنگاندنـی ئەمـە ئەرکێکـی لەپێشـینەی دیپلۆماسـییەتی KCKـەیە.

١٠. هەوڵـی بـەردەوام بـۆ وەڵامدانـەوەی ڕەهەنـدە جیاوازەکانـی «پرسـی کـورد»، ئەمـەش بـە دەسـتنیژی خۆڕەخنەکردنی ڕادیکاڵ لـە نێـو پەکەکـە و دۆزینـەوەی ڕێبازێکـی دیموکراتیـی.

## میژووی کەجەکە[15]

پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ساڵی ١٩٩٩ بریتیی بوو لە باسکێکی سیاسیی (بەرەی ڕزگاریی گەلی کوردستان ERNK) و باسکێکی سەربازیی (سوپای ڕزگاریی گەلی کوردستان ARGK)، ERNK سەرپەرەشتیی کاروباری سیاسیی و ڕێکخستن و دیپلۆماسیی و ئابووریی میدیایی کوردانی دەکرد لە سەرانسەری جیهاندا. ARGKـەش لە کوردستان سەرقاڵی جەنگ بوو. کۆنگرەی حەوتەمی پەکەکە، پاش دەستگیرکردنی ئۆجالان بەڕێوە چوو، لەم کۆنگرەیەدا ئەم دوو دامەزراوەیە بۆ یەکێتیی دیموکراتیی کوردستان (YDK) و هێزەکانی پاراستنی گەل (HPG) ناوگۆڕکێیان کرد. هەر ئەم ناوگۆڕکێیەی سوپای ڕزگاریی بۆ هێزەکانی پاراستنی گەل، بەڵگەی گۆڕانی سیاسەتی چەکدارانەی پەکەکەیە بۆ سیاسەتی ئاشتیخوازانە لەم قۆناغەدا، ئەمەش وەک پەرچەکرداری ئەو فشارانەی دەکرێنە سەر PKK جێی لێڕامانە. ئەم فشارانە و کێشە ناوخۆییەکانی پەکەکە و بارگۆڕانی ناوخۆیی، گۆڕانی هەیتاهەیتی لە PKKـدا لێ کەوتەوە. جا بیرۆکەی KCK هەر لەم پێڤاژۆیەدا ڕەنگا.

لە ٤ـی نیسانی ٢٠٠٢ پەکەکە هەڵوەشایەوە و لە جێی ئەمە کۆنگرەی ئازادیی و دیموکراسیی کوردستان (KADEK) دامەزرا. ئەویش ساڵێک دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆما کۆمەڵێن کوردستان (KKK). لەم پێڤاژۆیەدا پێکهاتەی ستوونیی مارکسیست- لینینیستی

---

١٥- لەم بەشەدا سوودی زۆرم لەم سەرچاوە وەرگرتووە:
http://www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=11001

پەکەکە گۆڕا بۆ سیستەمێکی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسۆیی، ئەمەش لە چەندین کۆمیتە پێک هاتبوو، ئەو کۆمیتانە بریتین لە: کۆمیتەی سیاسیی، کۆمیتەی کۆمەڵایەتیی، کۆمیتەی بەرگریی ڕەوا (دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ پاراستنی گەل)، کۆمیتەی تەندرووستی گەل، کۆمیتەی زانست و ڕۆشنگەریی، کۆمیتەی کەمینەکان، کۆمیتەی چاپەمەنیی، کۆمیتەی کاروباری ئابووریی و دارایی. ئیتر بەم ڕەنگە و بە شێوەیەکی پلەڕیز؛ کوردانی دانیشتووی وڵاتانی تر، هاتنە سەر ئەم ڕێبازە، جا بەم چەشنە ئەم چوار گرووپەی خوارێ خەملین:

١. (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK) لە ئێران
٢. پارتی چارەسەریی دیموکراتیک (PÇDK) لە عێراق
٣. پارتی ڕزگاریی دیموکراتیی (PRD) لە تورکیا
٤. پارتی یەکێتیی دیموکراتیی (PYD) لە سووریا

مسۆگەر ئەم پارتانە بۆ هاوئاهەنگیی سیاسەتی گشتییان پێکەوە گرێ دەدەرێن و لە گۆڕەپانی چالاکییشدا سەربەخۆ چالاکیی دەنوێنن و ناوەندی جێبەجێکردن و بڕیاردانی خۆیان هەیە.

ئۆجالان ساڵی ٢٠٠٥ ناوی ئەم سیستەمە بەڕێوەبەرییە ئاسۆییەی نا «کۆما جڤاکێن کوردستان (KCK)». ئاڵایەکیشی بۆ دانا: ئەستێرەیەکی سوور لە نێو ڕۆژێکی زەرددا، لە سەر پانتاییەکی سەوز. ئەم سیستەمە سێ دەسەڵاتی هەیە: دەسەڵاتی یاسادانان، کۆنگرەی گەل باڵاترین ناوەندێتی و لە وێنەی پەرلەمانە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەمەش ئەنجوومەنی جێبەجێکردنەکەیەتی و ڕۆڵەکەی وەک کابینەی وەزارییە، دەسەڵاتی دادوەریی، ئەمەش لە دادگاکانی گەل و دیوانی یەکسانیی ئیداریی پێک دێت. ئەم سێ دەسەڵاتە

سەربەخۆ لە یەکتر کار دەکەن. ئەندامانی کۆنگرەی گەل لە ڕێی هەڵبژاردنەوە لە نێوان گشت ئەندامانی ڕێکخستندا هەڵدەبژێردرێن. هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە دووساڵ جارێک بەڕێوە دەچێت، هەمووان، لە سەرۆکەوە تا ئەندامانی ئەنجوومەنی بڕیاردان، تەنیا دوو خول دەتوانن ئەندام بن، نوێنەرانیش دوو ساڵ جارێک دەگۆڕێن.

کاتێک پەکەکەش لەم قەڵەمبازەی ساڵی ٢٠٠٢دا هەڵوەشایەوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ دیسانەوە ژێنرایەوە. پاش بەستنی کۆنگرەی گەل لە ساڵی ٢٠٠٣، بڕیاری زیندووکردنەوەی درا، ئەمەش بۆ کونبڕکردنی کێماسییە تیۆرییەکانی سیستەمەکە و ئاڕاستەی فیکریی ناوەندەکانی کۆنگرەی گەل، بۆ بیرهێنانەوەی پەکەکە ئەم ناوەندەیان ناو لێ نا «PKK». ئەم پڕۆسەیەشیان بە ڕێکاری نوێکردنەوەی پەکەکە ناودێر کرد. بێگومان ئەم ناوەندە دامەزراوەیەکی جێبەجێکەر نییە و دەسەڵاتی ئاڕاستەکردنی کردەیی نییە، تاکە ئەرکی چاودێریی چالاکییە فیکریی-ئایدۆلۆژییەکان و سازدانی پەروەردەی ئایدۆلۆژیی کادرانی هەموو بەشەکانی کوردستانە.

لەوانەیە بتوانین ئەرکی کەجەکە و پەیوەندیی بە پەکەکەوە لەم وتەیەی خوارێی ئۆجالانەوە پوخت بکەینەوە:

پێشەنگێتیی ئایدۆلۆژیی و سیاسیی پەکەکە، کە ئەزموونێکی سی ساڵ بانترە، سا پشتیوانیی گەل لە سۆنگەی جەنگی شۆڕشگێڕانە، هەروەتر ئەو هێزە سەربازییەی توانای پاراستنی جەوهەریی لە سەرپاکی گۆڕەپانەکاندا هەیە، هەروەتر تۆڕەکانی پەیوەندیی ناوخۆ و دەرەوە، هەلومەرجی پاراستن و بەڕێوەبردنی نەتەوەی دیموکرات بۆ کەجەکە دەڕەخسێنێت. ئەم ڕێگەیە ئیتر

بـەو بنبەسـتەی پێشـتر نـاگات. چونکـە نەتـەوەی دیموکـرات دەکاتـە سـەرتۆپی ئامانجەکانـی نـەک نەتەوەپەرەسـتیی دەوڵەتگـەرا. کەواتـە: هەمیشـە لایەنگـری چارەسـەری پرسـەکان و ئاشـتییە، هەروەتـر دەرگای گفتوگـۆ و ڕێککەوتنـی لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەت-نەتـەوە وازە. لـێ گـەر لـەم ڕێگەیـەدا سـەرنەکەوت، ئـەوا دەتوانێـت لـە سـەر شـاڕێی خـۆی و بـە دەسـاوێژی هێـزی خۆیـی، بەردەوامییەکـی سـەرکەوتووانە بداتـە ڕەنگاندنـی نەتـەوەی دیموکـرات و بەڕێـوەی ببـات و بیپارێـزێ. (اوجـالان، ١٣٩٢: ٢١٣).

## سەرچاوەکان:

گفتگوی برهان جوانمرد با شورش مریوان
متن کامل قرارداد اجتماعی جامعه دموکراتیک و آزاد شرق، کودار
اوجالان، عبدالله (۱۳۸۱آ). از دولت کاهنی سومر بەسوی تمدن دموکراتیک. ترجمۀ مرکز انتشارات ارد. اتحادیۀ روشنگری دموکراتیک (ارد)
اوجالان، عبدالله (۱۳۸۱ب). آفتاب آزادی (یادداشتهای رهبر آپو). ترجمۀ مرکز انتشارات ارد. اتحادیۀ روشنگری دموکراتیک (ارد)
اوجالان، عبدالله (۱۳۸۳). دفاع از یک خلق. بینا
اوجالان، عبدالله (۱۳۸۹آ). راه انقلاب کردستان. ترجمۀ گروه مترجمان. مرکز نشر آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان
اوجالان، عبدالله (۱۳۸۹ب). آزمونی در باب جامعهشناسی آزادی (مانیفست تمدن دموکراتیک، کتاب سوم). ترجمۀ آ. کاردوخ. مرکز نشر آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان
اوجالان، عبدالله (۱۳۹۱). نقشۀ راه. ترجمۀ باران ر. بریتان. مرکز نشر آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان
اوجالان، عبدالله (۱۳۹۲). مسئلۀ کُرد و رهیافت ملت دموکراتیک: دفاع از کُردها، خلقی در چنگال نسلکشی فرهنگی (مانیفست تمدن دموکراتیک، کتاب پنجم). ترجمۀ آ. کاردوخ. مرکز نشر آثار و اندیشەهای عبدالله اوجالان
گرابر، دیوید (۲۰۱۴). «چرا جهان کُردهای انقلابی سوریه را نادیده میگیرد؟». ترجمۀ رحمان بوذری.

https://asranarshism.com/
Best, S. (۱۹۹۸).” Murray Bookchin’s theory of social ecology: An appraisal of the ecology of freedom.” Organization & Environment, ۳)۱۱)
Biehl, Janet (۲۰۱٤). “Bookchin, Öcalan, and the Dialectics of Democracy Reply”. http://attackthesystem.com/۱۸/۱۰/۲۰۱٤/bookchin-ocalan-and-the-dialectics-of-democracy/
Biehl, Janet (۲۰۰۷). “Bookchin Breaks with Anarchism”. COMMUNALISM, ۱۲, Oct. ۲۰۱۲
Bookchin, M (۱۹۹۱). The Ecology of Freedom: The Emergence and Dissolution of Hierarchy. Montreal: Black Rose
Bookchin, M (۱۹۹٥). “Libertarian Municipalism: The New Municipal Agenda”. http://dwardmac.pitzer.edu/Anarchist_Archives/bookchin/libmuni.html

*نووسەری لێکۆڵینەوەکە ناوی هەندێک ناوەند و پارت و سازیی تەڤگەری ئاپۆیی بە هەڵە نووسیوە، لە سۆنگەی تێگەیشتنێکی ڕاست لەو مێژووە و شیکارییەکی ڕاستی

بابەتەکە، لە وەرگێڕانەکەدا هەڵەکان سەرڕاست کرانەوە. (وەرگێڕ)

# ژیانی فیکریی ئۆجالان

لەفارسییەوە: وریا ئەحمەد

پێناسەی ژیانی فیکریی ئۆجالانیش وەک زۆربەی کەسایەتییە هاوشێوەکانی وی، ئامێتەیەکە لە ئەفسانە و ڕاستیی. ئەو بەرهەمانەی تا ئێستا نووسیونی، بەپێی گێڕانەوەیەک سەد بەرگ و بە گێڕانەوەیەکی تر، پێنجسەد بەرگن. ئەو پەرتووکانەشی لە زینداندا خوێندوونییەوە، هەمان چیرۆک لەبارەیانەوە هەیە. دەگوترێت لەم ساڵانەی زینداندا ٣٥٠٠ پەرتووکی خوێندووەتەوە، ئەمەش واتا نزیکەی پێنج پەرتووک لە هەفتەیەکدا! بەرهەمی زۆرێک لە هزرمەندان لەناو خورجینی پەرتووکە خوێنراوەکانی ویدان. خۆی لە بەرهەمەکانیدا ناوی ئەم کەسانە دێنێت: بوکچین[١]، واڵەرشتاین[٢]، براودێل[٣]، نیچە، فۆکۆ، گوندەر فرانک[٤]، گۆردۆن چایڵد[٥]، گیدنز[٦]، هانتینگتۆن[٧] و برژینسکی[٨].

ڕەنگە بتوانین پتر لە هەمووان جێدەستی ئایدیاکانی مۆرای

1- Murray Bookchin(1921_2006).

2- Immanuel Maurice Wallerstein (1930_2019).

3- Fernand Braudel(1902_1985).

4- Andre Gunder Frank(1929_2005).

5- Vere Gordon Childe(1892_1957).

6- Anthony Giddens(1938_).

7- Samuel Huntington(1927_2008).

8- Zbigniew Brzezinski(1928_2017).

بوکچین لە نووسینەکانی ساڵانی زیندانی ئۆجالاندا، بدۆزرینەوە. بوکچین، ڕچەدانەر و بنیاتنەری ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی[9] یان بزاڤی ناسراو بە «ئیکۆئانارشیزم»[10]، وێڕای پێشینە ستالینییەکەی، لە دەیەی ١٩٤٠دا کەمەندکێشی ترۆتسکیزم[11] بوو، جا بوو بە یەکێک لە ڕەخنەگرە ڕژد و سەرسەختەکانی ستالینیزم. بەگوێرەی گوتەی هاوژینی بوکچین، ئەوێ دەم ئۆجالان لە ساڵی ١٩٩٩ لە کینیا دەستگیر کرا (ڕفێنرا) و بوکچین هەواڵی وی ژنەفت، دەمودەست ئەویشی بە یەکێکی تر لە ڕێبەرانی مارکس/لینینیزم ئەژمار کرد، کە گیرۆدەی داوی ستالینیزم بووە. بوکچین دەیان ساڵ بوو تیری ڕەخنەی بۆ ئەم جۆرە کەسانە لە کەواندا بوو، جا پێی وابوو ئا ئەمانە کەڵکی خراپ لە ویستی خەڵک بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئازادیی، وەردەگرن، سا خەڵکان بەرەو دۆگماتیزم و دەوڵەتگەرایی و تەنانەت بە پێچەوانەی ڕووکەش و ڕواڵەتی خۆیان، بەرەو پەژراندنی سەرمایەداریی دەئاژوون. بوکچین، پاش جەنگی جیهانیی دووەم، کە بەشی هەرە زۆری ئایدیاکانی چەپ داپووکان و زۆررینەی چالاکڤانە چەپەکان ڕوویان کردە کاروچالاکیی ئەکادیمی و ژۆرنالیستیی، گیانی شۆڕشگێڕیی و بەرخۆدانی لەدەست نەدا.

سا قۆڵی لێ هەڵماڵی تا بە قسەی ترۆتسکی بکات، ئەوی وا پێش ئەوەی ساڵی ١٩٤٠ تیرۆر بکرێت، گوتبووی گەر جەنگی جیهانیی

9- Social ecology.

10- Ecoanarchism.

11- Trotskyism.

دووەم بە شۆڕشی کرێکاری لە ئەمریکا و ئەورووپا کۆتایی پێ نەیەت، ئەوا پێویستە سەرلەنوێ پێداچوونەوە بۆ فیکری مارکسیزم بکرێت. بوکچین لەناو بازنەیەک لە هاوڕێیانیدا، دەستپێشخەریی کارێکی وای کرد. بوکچین و هاوڕێکانی لە دەیەی ١٩٥٠ـدا و لە میانەی دانیشتنی هەفتانەدا، بۆ نۆژەنکردنەوەی پرۆژەی شۆڕشگێڕیی لە هەلومەرجی نوێدا، پشتوێنیان لە کەمەر بەست.

لەم بازنەی دانیشتنەدا بوو، تێگەیشت چیتر پرۆلیتاریا ناتوانێت ئەو فاکتەرە بێت وا سەرمایەداریی لەناو ببات. دەبێت فاکتەرێکی تر هەبێت، تاکوو بە شێوازی خۆبەخۆ دەرفەت بۆ ڕووخانی سیستەمی سەرمایەداریی بڕەخسێنێت. بوکچین وەها هۆکارێکی لە هەڤدژیی نێوان سیستەمی سەرمایەداریی و ژینگەدا دۆزییەوە؛ دەی هەر ئەوەندە بەس نییە ئەم سیستەمە هەم سرووشت پاکتاو دەکات و هەم تەندرووستیی مرۆڤایەتیش. لەم سیستەمەدا، بە چێکردنی گەورەشاری دابڕاو لە سرووشت، بەرهەمهێنان و بەکاربردنی لەڕادەبەدەری زڕەکاڵا، کە پاڵەپەستۆیەکی زۆر دەخاتە سەر سرووشت، هەروەتر، ئەو گوشارەی لەپێناو ژینی ئەم گەورەشارانە دەکەوێتە سەر خەڵکی و دواجار خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم سیستەمە مەسرەفگەراییەدا، سەرەنجام خووخدە و گیان و جەستەی مرۆڤ دادوەشێن. کەواتە قەیرانی سەرمایەداریی زادەی چەوسانەوەی چینی کرێکار نییە، بەڵکوو زادەی لەمرۆڤخستن و لەمرۆڤایەتی-داماڵینی خەڵک و کاولکردنی سرووشتە. بەم پێودانگە بوکچین لە دەیەی ١٩٥٠ـەوە تاوەکوو سەروەختی مردنی لە٢٠٠٦، کۆشا

تابنەماکانی کۆمەڵگەیەکی ئیکۆلۆژیکی دیموکراتیک[١٢] دابڕێژێت.

هەر ئەم ئایدیایانەی بوکچین بوو، ئۆجالان بۆ چێکردنی ‹کەجەکە›[١٣] سوودی لێ بینین. ئۆجالان ساڵی ٢٠٠٢ دەستی بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بوکچین کرد، بە تایبەت کەوتە بن باندۆری هەردوو پەرتووکی (ئیکۆلۆژیای ئازادیی)[١٤]و (شارنشینی بەبێ شار)[١٥]. لە ڕێگەی پارێزەرەکانییەوە خوێندنەوەی پەرتووکی (شارنشینی بەبێ شار)ـی بۆ تەواوی سەرۆک شارەوانییەکانی باکووری کوردستان و (ئیکۆلۆژیای ئازادی)ـی بۆ گەریلاکان پێشنیار کرد. لە بەهاری ٢٠٠٤ـدا پەیامی بۆ بوکچین نارد، کە خۆی بە پەیڕەوکاری ئەو دەزانێت و تامەزرۆیە تا ئایدیاکانی بۆ کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوین بەکار بهێنێت.[١٦]

بە گوزەرێکی وردتر بە ناو ئایدیاکانی بوکچیندا، دەتوانرێت باشتر ئاستی کاریگەریی ئەو بە سەر ئۆجالانەوە درک بکرێت.

## ئیکۆئانارشیزم یان ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی

بوکچین هۆشداریی دەدات، قەیرانەکانی ئیکۆسیستەم بە ڕادەیەک پێچەڵپێچ بووە، چیتر دروشمەکەی مارکس، کاتێک دەڵێت؛ یان سۆشیالیزم یان بەربەریزم، کە ڕاستییەکەی بانگەواز

12- Ecological Democratic.

13- Koma Civakên Kurdistanê (کۆما جڤاکێن کوردستان).

14- The Ecology of Freedom.

15- Urbanization Without Cities.

16- Bookchin, Öcalan, and the Dialectics of Democracy BY KEITH PRESTON ON OCTOBER 18, 2014

بوو بۆ بووژانەوەی کۆمەڵگە، هەتوانێک ناخاتە سەر زامان و بەرسقی تەڵەزگە ئیمرۆژییەکان نییە. نها دەبێت نیگەرانی قڕبوونی بنەچە و تۆرەمەی مرۆڤ بین و نیگەرانییەکی ئاواش گەرەکە سەر بکێشێت بۆ ئاواکردنی (ئیکۆتۆپیا[17])یەک لەسەر بنەمای بناغەکانی ئیکۆلۆژیا[18]. وی لە دەیەی ١٩٥٠دا لە بزاڤە کلاسیکییەکانی چەپی ئەمریکا لاتراسکەی بەست، جا ئامێتەیەکی لە ئانارشیزم و تیۆرییە ئیکۆلۆژییەکان خستە ڕوو، سا ڕەوتێکی بە ناونیشانی ئیکۆئانارشیزم (Ecoanarchism) یان ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی (social ecology) ڕەنگڕێژ کرد، ئەوە هیچ بۆ خۆیشی لەناو جووڵانەوە و بزاڤەیلی پەیوەست بەو مژارەدا چالاکیی نواندووە. بەم ئاوایە؛ سەروەختێک تیۆرەکانی گەشەپێدان بووبوون بە بنێشتەخۆشەی سەر زاران و چلچرای گشت دانیشتن و مێزگردێک، بوکچین لەمەڕ ‹لەمەرکەزییەتخستن›ی شارەکان ئاخافت و داوای بەکارهێنان و خستنەگەڕی وزەی خۆر و با و ئاو و تەکنەلۆژییە جێگرەوەکانی تری کرد.[19] ئەمە لە سەردەمێکدا چەپی کلاسیک، لە بنەڕەتەوە ئاوڕدانەوە لە مژارە ژینگەییەکانی بە کەڵکەڵەیەکی بۆرژواییانە ناودێر دەکرد.

بوکچین لەو کەسانە بوو وا بۆ هەوەڵینجار پەرژانە سەر چەمکە ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییە پێوارەکانی نێو ئیکۆلۆژیا، سەروەختێک بزاڤی چەپ بە دیار چەمکە کلاسیکەکەی

---

17- Ecotopia.

18- Bookchin, 1980: 70-71.

19- Bookchin, 1962 Best, 1998.

چینایەتییەوە باوێشکی دەدا، ئەو چەمکی گشتگیرتری هەرەمیبوون (هیرارشییەت[20])ـی کردە بناغەی شرۆڤەکانی. هەرچەندە وی کاریگەرە بە دیالەکتیکی مارکس، لێ بۆ بەرباسدانی ئیکۆلۆژیا بە نەشیاو و نەگونجاوی دەزانێت. ئەو لەو سۆنگەوە مارکسی بە هاوڕەوتی ئایدۆلۆژیای سەرمایەداریی دەزانی و لای وابوو هەردوولا دەستیان لە یەک کاسەدایە، کە هەردوولا وایان دەبینی گوایە سرووشت کەوشەن و قەڵەمڕۆیەکی بێسۆز و بێگیان و چرووکە و گەرەکە دەستەمۆ و کەویی بکرێت. بوکچین ئەم میتۆدە دیالەکتیکییەی لە مژاری ژینگە هەڵکێشا و ئیکۆلۆژیزەی کرد، جا کەژماڵکردنی جیهانی سرووشتی و کۆمەڵایەتیی لە چێوەیەکی تیۆریی گشتگیردا ئامێتە کرد و مرۆڤ و بوونەوەرانی نێو جیهانی سرووشتیی بە هاوپشکی بەهێزی یەکترتەواوکەر دانا نەک هەڤدژ.

ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی پێی وایە گشت مژارە ژینگەییەکانی هەنووکە دواجار مژاری کۆمەڵایەتین، نەک ئەوەی مژاری مینەوی یان تەنانەت تێکنۆلۆژیی یان دەوڵەتیی یان بایۆلۆژیی بن. دەتوانرێت قەیرانە ژینگەییەکان بە هۆکاری دەرکەوتنی ئەو پرسانەی سەرەوە لەقەڵەم بدرێن نەک وەکوو لێکەوتەی ئەو پرسانە. دەبێت ڕەگوڕیشەی سەرەکیی ئەم قەیرانە ببەسترێتەوە بە دیرۆکی دوورودرێژی هەژموونی مرۆڤ بەسەر مرۆڤ و پاوانکردنی هەرتک جیهانی کۆمەڵایەتی و سرووشتیی وەکوو سەرچاوەگەلێک بۆ بەدەستخستنی هێز و قازانج.

---

20- Hierarchy.

بوکچین، ڕێچکەی خۆی لە کارکردی باوی ژینگەپارێزیی لە نموونەی ژینگەخوازیی لیبراڵ[٢١] و ژینگەخوازیی قووڵ[٢٢] هەڵبوارد و ئەمانەی وەک تووشبوو بە خەیاڵپڵاویی سەرمایەداریی سەوز[٢٣] ئەژمار کرد. پێی وابوو، گێژاوە ژینگەییەکان نە بە چەمکە تێکنۆلۆژیی و بیۆکراتییەکان (بە واتا ژینگەخوازییە لیبراڵییەکەی) چارەسەر دەبن و نە بە بانگهێشتی ئادەمیزادەیل بۆ هاسۆزیی سرووشت لە ڕێی دۆزینەوەی خودە ڕەسەن و قووڵەکەی ناویان (وەک ژینگەخوازیی قووڵ پێی وابوو). لەم سۆنگەوە چارەی قەیرانە ژینگەییەکان پەیوەستە بە گرتنەبەری ڕێکاری کۆمەڵایەتیی و ڕێچارەی کۆمەڵایەتیی_دامەزراوەییەوە، هەروەتر گرێدراوی هەوڵ و کۆششە لەپێناو ڕزگاربوون لە پەیوەندییە پلەڕیز (هیرارش)ـییەکانی نێو کۆمەڵگە؛ ئەم قەیرانانە، بە پشتبەستن بە میتۆدە فەلسەفیی و تێکنۆلۆژیی و بایۆلۆژییەکان چارە ناکرێن. بوکچین نکۆڵی لەوە ناکات لەپێناو بنیاتنانەوەی سەرلەنوێی پەیوەندییەکانمان لەتەک یەکتر و جیهانی سرووشت، فەلسەفە و ئاکار و هەستیاریی نوێمان گەرەک دەبێت، بەڵام سەرووتر لەمە، وی جەخت لە پێویستیی هەبوونی سیاسەتێکی نوێ بۆ سەرپێخستنی بزاوتە تازە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە، تا بتوانین کۆمەڵگەیەک ڕۆ بنێین، کە لەبری وێرانکردنی جیهانی سرووشتیی

---

21- liberal environmentalism.

22- deep ecology.

23- green capitalism.

ۆمەڵایەتیی، ڕوانینێکی یکۆلۆژیکیانەی بەرانبەر کۆمەڵ هەبێت.[٢٤]

بەم ڕەنگە ئیکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی پێی وایە سەرپاکی مژارە هەنووکەییە ژینگەییەکان لە کۆتاییدا پرسێکی کۆمەڵایەتیین، نەک پرسی مەعنەویی و تەنانەت پرسی تەکنەلۆژیی یان حکومەتیی و بیۆلۆژیک، دەتوانین قەیرانە ژینگەییەکان بە هۆکاری ئەمانە بزانین نەک دەرەنجام. دەبێت ڕیشەی بنەڕەتیی ئەم قەیرانانە بۆ دیرۆکی دوورودرێژی باڵادەستیی مرۆڤ لە سەر ڕاسەری مرۆڤ و پاوانی ژینگەی کۆمەڵایەتیی و سرووشتیی وەک سەرچاوەی دەسەڵات و سوود ببینین. قەیرانەکانی کۆمەڵگەی نائەقڵانیی و دژەئیکۆلۆژیک و نەیار بە ژینگە، لە ڕێی چاکسازیی بەشەکیی و لابەلاوە چارەسەر ناکرێن. ئەو کەموکوورییانەی لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سرووشتدا هەن، زادەی کەموکووڕیی پەیوەندییەکانی مرۆڤە لەتەک یەکتر. لە دیدی بوکچینەوە، ئاریشە ژینگەییەکان هەڵقوڵاوی دیرۆکی دوورودرێژی پەیوەندییە هیرارشی و هەڕەمئاساکانی نێو کۆمەڵگە مرۆییەکانن و نها گشت ئەو ئاریشانە لە چێوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی چینایەتیی و سوودگەرا و کەڵەکەخوازدا جەمیان جەمە. بە واتایەکی وردتر، ئەو فاکتەرانەی وا هەڤدژیی نێوان مرۆڤ و سرووشتیان لێوە ڕسکاوە، ‹‹لە هەناوی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە چەکەرەیان کردووە نەک ئەوەی زادەی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و سرووشت بن.[٢٥] بە پێچەوانەی هەندێک لە مارکسییەکانەوە کە لایان وایە هەژمموونی مرۆڤ

24- Bookchin, 1987.

25- Bookchin, 1990: 32.

بە سەر سرووشتەوە دێرینترە لە هەژموونی مرۆڤ بە سەر مرۆڤەوە، بوکچین ئەم پەیوەندییە ئاوەژوو دەکاتەوە و نکۆڵیی لەو ئایدیایە کرد گوایە ئادەمیزادەیل دەبوو سەرەتا سرووشتیان دەستەمۆ کردبا، ئینجا کۆمەڵگەی چیانەتییان چێ کردبا، تا بەڵکوو ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هەناوی وێرانەکانەوە ئازادیی چرۆ بکات.

بوکچین دەکۆشێت بە گرتنەبەری ڕێکارێکی نۆرماتیڤییانە[٢٦]، جۆرە ئەخلاقێکی ئیکۆلۆژیی (ئەخلاقی یەکترتەواوکەر)[٢٧] بخاتە ڕوو، جا ئەمە بریتییە لە هەماهەنگیی نێوان پەرەسەندنی سرووشتیی و کۆمەڵایەتیی. کەواتە شاچەقی بەرهەمەکانی بوکچین بریتییە لە توێژینەوە دەربارەی نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان گرۆی ئادەمیزاد و بوونەوەرانی سرووشتدا، ئەوە هیچ ئەم نەبوونی هەماهەنگییەش خۆی دەرهاویشتەی ئەو پەیوەندییە دەستدرێژیکارانەیە وا مرۆڤایەتیی لەگەڵ خۆی هەیبووە. ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بە گشتیی پەیوەندیی دیالەکتیکیی نێوان کۆمەڵگە و سرووشت شیتەڵ دەکات، سا ڕەگەزی مرۆیی بە بەرهەمی هەردوو پرۆسەی پەرەسەندنی سرووشتیی و کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکات. بە ڕێکارێکی ئاوا، دەتوانرێت لە هەناوی ویستی فروانخوازیی جیهانی سرووشتییەوە، ئازادیی و داهێنان و تاکگەراییەکی فرەتر دەستەبەر بکرێت.

---

26- Normative.

27- ethics of complementarity.

## کۆمەڵگە دیموکراتیکەکان و کۆمۆناڵیزم[28]

بوکچین، بەتایبەت لە پەرتووکی ‹ئیکۆلۆژیای ئازادیی›دا، وردکۆلانە ڕوونی دەکاتەوە، کۆمەڵگە هیرارشییەکان چۆن پەیدا و فراوان بوون، بە درێژایی مێژوو چ جۆرە بەرگرییەک بەرانبەر ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە نوێنراوە و چۆنچۆنی دەتوانرێت لە شەڕ و بەڵای کۆمەڵگەیەکی بەم ڕەنگە ڕزگارمان ببێت. وی پێشمەرجی ڕزگاربوون لەم سیستمە هیرارشی و هەڕەمئاسایەنە دەبەستێتەوە بە ئاواکردنی کۆمەڵگە ئیکۆلۆژیکە دیمۆکراتیکەکانەوە؛ کۆمەڵگەیەک شارەکانی ناوەندێتییان نییە، خەڵکی لە چێوەی هەرێمی گچکەدا دەژین و خۆیان بەڕێوەی دەبەن، هەر خۆشیان پێداویستیی خوردوخۆراکیان لە ناوچەکەدا دەچێنن و کەڵک لە وزەی پاک، کە بۆ نۆژەنکردنەوە دەست بدات، وەردەگرن. ئەم کۆمەڵگە تازەیە لەلایەن بڕیارە ئەخلاقیی و هەرەوەزیی و کۆمۆناڵییەکانی خودی خەڵکییەوە بەڕێوە دەبرێت، نەک بازاڕ و هەژموونی دەوڵەت.

ڕاستییەکەی ئەم هەرێمانە کۆمەڵەگەلی دیموکراتییکن.[29] لە پێناو هاتنەئارای ئەم هەرێمانە، دەبێت ئەو دەوڵەت-نەتەوانەی هەنووکە لە ئارادان، کەلا بخرێن و دەسەڵات و هێزیان بۆ هاوولاتییانی ئەم کۆمەڵگانە بگوازرێتەوە. چونکە ئەم کۆمەڵگانە لە ڕەهەندی ناوچەییەوە کاران، بۆ ئەوەی بتوانن لە هەرێمێکی جوگرافیی هەراوتردا کارا بن، دەبێت لە چێوەی کۆنفدراسیۆندا یەکانگیر ببن. ئەم ئایدیایە خۆی لەخۆیدا ئایدیایەکی شۆڕشگێڕانەیە. بوکچین هەر ئاوها ڕێچکەی

28- Communalism.

29- democratic assemblies.

شۆڕشـی وێنـا دەکـرد. ڕاسـتییەکەی ئـەم کۆنفیدراسـیۆنەی وا لـە کۆمەڵـە دیموکراتیکـەکان پێک هاتـووە، بەکاوەخۆ و پلەبەپلـە بۆ جۆرە ئەنتـی هێزێـک[٣٠] لـەدژی دەوڵەت-نەتـەوەکان دەگۆڕێـت و سیسـتەمی هێـز دووکـەرت دەکات[٣١]، ئەمـەش هەمـان ئـەو هەلومەرجەیـە بـە واتـا ترۆتسـکییەکەی، شـۆڕش لـە هەناویـەوە چەکـەرە دەکات. بوکچیـن سـەرەتا ئـەم بەرنامـە و پلانـەی بـە خۆبەڕێوەبەریی شـارەوانییەکان[٣٢] ناودێـر کـرد و دواتـر نـاوی کۆمۆناڵیزمـی لـێ نـا.

بوکچین هەمـوو هەوڵێکـی خۆی بەگـەڕ خسـت تاوەکوو چەپەکانی ئەمریکا و ئەورووپا لـە ئاسـت گرنگیـی ئـەم پڕۆژەیـەدا قایل بـکات. بـەڵام، لـەو سـاڵانەی وی ئـەم جـۆرە ئایدیایـە پەڕیبـووە سـەریەوە، مێشـکی چەپـەکان وەهـا بـە ماوتسـی تۆنـگ[٣٣] و هۆشـیمین[٣٤] و فیدڵ کاسـترۆوە سـەرقاڵ بـوو، سـەرنج و بۆچوونەکانـی ئەویـان نەژنەفت و نەژنەفت. باسوخواسـی وەکـوو ئیکۆلۆژیـا و دیمۆکراسـی لـە دیدی وانـدا، ئایدیـای وردەبۆرژوایانـە بـوو. تـەنها کەسـانێک ئامـادە بـوون گـوێ لـە بوکچیـن بگـرن، ئانارشیسـتەکان بـوون، ئەمانە لە هەڵوێسـتی دژەدەوڵەتدا هاوبۆچوونـی بوکچیـن بـوون. بـەڵام ئانارشیسـتەکانیش لـەو سـۆنگەوە کـە لـە هەمبـەر گشـت شـێوازەکانی دەسـەڵاتدا، تەنانـەت لـە ڕەهەنـدە لۆکاڵیـی و ناوچەییەکەیشـیدا، پشـووکورت و

30- Counterpower.
31- dual power.
32- liberation municipalism.
33- MAO ZEDONG.
34- Hồ Chí Minh.

چیکڵدانبچووک بوون، هەروەتر بەهۆی پشتیوانیان لە کەمینەکان کێشەی ڕژدیان لەگەڵ دیموکراسیی ڕۆنراو لەسەر پایەی دەنگی زۆرینە هەبوو، نەبوونە هاوڕێگەی بوکچین. بوکچین لەگەڵ ئەوەی لەم مژارانەدا هاوبۆچوونی ئانارشیستەکان بوو، بەڵام بە دیدی وی، بۆ گەیشتن بەو تەرزە ژیانە کۆمەڵایەتییەی وا ئانارشیستەکان چاویان تێ بڕیبوو، شۆڕشێکی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ڕاستەقینە و بەدیهێنانی گۆڕانکاریی لە ستراکچەرە یاسایی و سیاسییە داسەپاوەکانی ڕۆژدا، پێویستە. کۆمۆناڵیزم ڕێگەیەک بوو لەم پێناوەدا؛ بۆ دەستڕاگەیشتن بە شوێنپێیەکی تۆکمە لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەت-نەتەوەدا. بوکچین هەوڵی خۆی دا تاوەکوو ئانارشیستەکان بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی ئەمە ڕێگەیەکە بۆ ئامادەگیی و دەرکەوتنی بەگوڕی ئانارشیستەکان لە پانتایی سیاسەتدا. بەڵام وردەوردە لە ئانارشیستەکانیش نائومێد بوو و پاشەکشەی لێ کردن.[٣٥]

## ئۆجالان و بوکچین

هەم بوکچین و هەم ئۆجالانیش لە بەرهەمەکانیاندا بە شیتەڵکردنی گۆڕانکارییە دیرۆکییەکانی شارستانیەتەوە خەریک دەبن، ئەویش نەک لەپێناو پێشبینیکردنی داهاتوو، بەڵکوو بۆ دەستنیشانکردنی ئەگەرەکانی داهاتوو و ئەو هەنگاوانەی پێویستە دواتر بنرێن، هەڵبەت بە پشتبەستن بە ڕێکارێکی دیالەکتیکیی. هەردووکیان ڕیشەکانی

35- Biehle, 2007

شارستانیەتیان خستووەتە بەرباس؛ بۆ نموونە بوکچین لە هەردوو پەرتووکی «ئیکۆلۆژیای ئازاد» و «شارنشینی بەبێ شار»دا و ئۆجالانیش لە هەردوو پەرتووکی «لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراتیک» و «نەخشەڕێگا»دا. هەرتک، لە کۆمەڵگەکانی چاخی بەردینەوە گێڕانەوە دیرۆکییەکەیان دەست پێ کردووە، پەرژاونەتە سەر دەرکەوتنی کشتوکاڵ و خاوەنداریی تایبەت و کۆمەڵگەی چینایەتی، هەروەتر لەسەر ئەم ڕیتمە، سەرهەڵدانی ئایین، دەوڵەت، حکوومەت، سوپا، ئیمپراتۆریەتەکان، ئەرستۆکراسییەت، فیودالیزمیان بەسەر کردووەتەوە. لە کۆتاییدا گەیشتوون بە مۆدێرنیزم و لەمەڕ ڕۆشنگەری و زانست و تێکنۆلۆژیا و پیشەسازیی و سەرمایەداریی قسەیان کردووە.

بوکچین، لەم گێڕانەوە دیرۆکییەدا و لەپێناو بەرگریکردن لە پرۆژەی ئیکۆلۆژیا کۆمەڵایەتییەکەی، پیشانی دەدات کە بە ڕیفۆرمی دەوڵەت هیچ کێشەیەک چارەسەر نابێت و پێویستە گۆڕانکارییەکان ڕادیکاڵانەتر و ڕیشەییتر بن. جا بۆ کۆمەڵگەکانی «پێشنووسین»[٣٦] دەگەڕێتەوە و پیشانی دەدات وان کۆمۆنیاڵ و هەرەوەزییانە[٣٧] ژیاون. ڕستێک تایبەتمەندیی دەژمێرێت کە بەهۆیانەوە گیانی هاوکاریی و هەرەوەزیی لەنێوانیاندا بەدی هاتووە: مافی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە ئامراز و پێداویستییەکانی ژیان بەگوێرەی پێویستیی، ئەمە بێ ئەوەی مافی خاوەندارێتیی

36- pre literate.

37- Cooperative.

و کـریێ زیانپێگەندنیـان گـۆڕی بێـت[٣٨]، ئیتیکـی یەکترتەواوکـەر[٣٩] و مافـی هەمـووان لـە سـوودوەرگرتن لـە پێداویسـتییەکانی ژیـان بـە چاوپۆشـیی لـەوەی کێ کاری زیاتـر یان کەمتری کـردووە[٤٠]. بوکچین وەهـا کۆمەڵگەیـەک بـە کۆمەڵگـەی ئۆرگانیکـی[٤١] ئەژمـار دەکات.

بـەڵام بەگوێـرەی گێڕانەوەکـەی بوکچین، لەم کۆمەڵگە ئۆرگانیکەوە وردەوردە سیسـتەمە هیرارشـی و هەرەمئاسـاکان هەڵقـوولاون: سیسـتەمە باوکسـالاریی[٤٢] و هەژموونگەرانـی سـەر ڕاسـەری ژن: سیسـتەمە پیرسـالارەکان[٤٣]، هەڵتۆقینـی چینـی پیاوانـی ئایینیـی و جەنـگاوەران، سـەرهەڵدانی دەوڵـەت و دەرکەوتنـی کۆمەڵگـەی چینایەتیـی.[٤٤] لـەم ڕێگـوزەرەدا بەکاوەخـۆ ئایدیـای سـەپاندنی هەژمـوون بـە سـەر سرووشـتدا ڕسـکا و سرووشـت پـاوان کـرا. هەڵبـەت لەبەرانبـەر ئـەم سیسـتەمانەدا هەمیشـە بە درێژایـی مێژوو بەرهەڵسـتکاریی و بەرخـۆدان هەبـووە و هەیـە، کـە لـە هەمـان کۆمەڵگـەی ئۆرگانیکـی سـەرەتاییەوە سرووشـیان وەرگرتـووە و بـە بنەماکانـی ئـەوان پشتئەسـتوور بـوون.

بوکچیـن لـە «شارنشـینی بەبـێ شار»ـدا ئامـاژەی بـۆ نموونـە و لێکچووەکانـی ئـەم کۆمەڵگـە ئۆرگانیکانـە کـردووە: لـە ئەسینای کۆن و

38- customs of usufruct.
39- the ethnic of complementarity.
40- Bookchin, 1991: Chap 2.
41- organic society.
42- Patriarchy.
43- Gerontocracy.
44- Bookchin, 1991: Chap 3.

هەوەڵین شارەکانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیاوە بیگرە تا کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی ١٨٧١ و «سۆڤێت[٤٥]»ـەکانی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٠٥ و ١٩١٧ و شۆڕشی ئیسپانیا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٦ بۆ ١٩٣٧، تەنانەت نموونەی زیندووی ئەمڕۆییشی ئاماژە پێ داوە، وەکوو کۆمەڵگەی شارەدێیەکانی نیوئینگلاند[٤٦] لە ناوچەی نیوئینگلاندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[٤٧]. وی بەپێچەوانەی مارکسییەکانەوە، پیشانی دەدات چۆنچۆنی شۆڕش لە شارەکانەوە دەست پێ دەکات نەک کارگەکان.

ئۆجالانیش لە دووتوێی ئەو بەرهەمانەی لە ئیمراڵی نووسینی، ڕێچکەیەکی هاوشێوەی ئەوەی بوکچینی گرتە بەر. دیرۆکی شارستانیەتی سۆمەریی خستە بەرباس و «زەقوورەکان[٤٨]»ی بە زێد و واری دەزگەی دەوڵەتیی زانی (اوجلان، ١٣٨١آ: ١٥). وی ئەو پیاوە ئایینییانەی سۆمەر وا ئەم زەقوورانەیان ئاوا کردبوو، بە ‹‹هەوەڵین ئەندازیارانی دەسەڵاتی سیاسیی قاڵبوو›› ئەژمار کرد.

---

٤٥- سۆڤێت یان (soviet)، ڕستێک ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەریی شۆڕشگێڕانە بوون، لە کرێکاران و جووتیارانی ناڕازی و یەکسانخواز پێک هاتبوون. سەرەتای دەرکەوتنی ئەم سۆڤێتانە دەگەڕێتەوە بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان و شۆڕشە خوێناوییەکانی ڕووسیا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٠٥_١٩١٧دا. هەرچەندە سەرەتا ئەم جۆرە ئەنجوومەنانە تەنها سەرپەرشتیی مانگرتنی شارە مەزن و پیشەسازییەکانیان دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی پارتیی سۆشیال دیموکراتی کرێکاریی ڕووسیا هاتە ڕیزیانەوە، شێوەی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕییان بەخۆیانەوە گرت و خێرا لە زۆربەی شارەکاندا خۆبەڕێوەبەرییان ڕاگەیاند (و).

46- new England towns.

٤٧- نیوئینگلاند دەکەوێتە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە و لە شەش ویلایەت پێک هاتووە، زۆرینەی دانیشتوانەکەی پاشماوەی کۆچبەرە پرۆتستانەکانی بەریتانیان. وەکوو نەریتێکی تایبەت بەم ناوچەیە، کە لە سەدەی حەڤدەهەمەوە ماوەتەوە، کەنیسا و پیاوان و ژنانی شار و شارەدێیەکان بۆ قسەوباس لەمەڕ مژارە سیاسییەکان، ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەریی تایبەت بە شار و شارەدێیەکانی خۆیان پێک دەهێنن و تێیدا کۆبوونەوە و هەڤبەیڤین ساز دەکەن.

٤٨- زەقوورە؛ یان زیگۆرات پەرستگا شێوە پلیکانەییەکانی سەردەمی سۆمەرییەکانە و خودی وشەکە بە سۆمەریی بە واتای ڕۆیشتن بەرەو ئاسمان دێت.

ئەوان بەردی پەرستگەکانیان لە شارەکاندا لەسەر یەک هەڵچنی و ئینجا دواتر لە هەناوی شارەکانەوە، دەوڵەتەکان و ئیمپراتۆرییەتەکان و شارستانیەتی چەکەرەیان کرد، لێ سرووشتی دیاردەکان هەروا زیندوو دەمێنێتەوە، بەدەربڕینی وی، زەقوورەکان:

«...تۆوی هەزاران دەزگەی شارستانییەتییان چاند... یەکەمین دەزگە، ناوەندی پەرستن بوو کە خودا تێیدا یەکەمین بەندەی خۆی ئافراند. زەقوورە هاوکات ناوەندی چالاکییە هونەرییەکان و نمایشی میوزیک و زانکۆش بوو. هەوەڵین خانەی خودا و یەزدانەکان بوو. بۆ یەکەمینجار سۆزانیخانە گشتیی و تایبەتییەکانیش هەر لێرەوە دازان... گشت قوتابخانە و پەرستگە و هۆڵەکانی ڕۆژگارەیلی دواتر، شێوەی پەرەسەندووی ئەم زەقوورانەن...»[٤٩]

بەڵام ئەم ڕەوتە بەبێ کۆسپ و ئاستەنگ نەبووە. گەرچی یەکەمین دەوڵەت لە سۆمەرەوە سەری هەڵدا و بە وتەی ئۆجالان: «مێژوو لە سۆمەرەوە دەستی پێ کرد»، بەڵام یەکەمین بەرخۆدان و بەرهەڵستییش دژ بە دەوڵەت، هەر لەم سۆمەرەوە دەستی پێ کرد. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە، مانای «ئازادی»ـیش کە بۆ یەکەمینجار لە دیرۆکدا لەناو تاتەقوڕە بزمارییەکانی پاشماوەی سۆمەرییەکاندا بەرچاو کەوت، بۆ پەسن و پێداهەڵگوتن بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی گشتگیر و سەرکەوتوو لەبەرانبەر پادشا چەپۆکسالارەکان بەکار براوە و دەستەواژەکە ئاوهاییە: «amargi». سەیرە مانای حەرفیی ئەم دەستەواژەیەش لە زمانی سۆمەریدا بریتییە لە «گەڕانەوە

٤٩- اوجالان، ١٣٨١آ: ٤٩.

بۆ باوەشی دایک». ئەم دایکە، چ لەسەر بنەمای دایکسالاریی و بنەچەک بردنەوە سەر دایک[50] ڕاڤە بکرێت، کە لەناو کۆمەڵگە ئۆرگانیکەکاندا باو بووە، چ بە خودی سرووشت ئەژمار بکرێت، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە دایکێکی بەخشەر بووە.[51]

ئۆجالان لە پەرتووکی «بەرگریکردن لە گەلێک»دا لەمەڕ کۆمەڵگەی سرووشتیی داخێوێت، ئەمە هاوشێوەی کۆمەڵگەی ئۆرگانیکیی بوکچینە. سەبارەت بە شێوە و بیچمە سەرەتاییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە دەنووسێت:

«مەبەست لە کۆمەڵگەی سرووشتی، سیستەمێکە، ڕەگەزی مرۆڤ لەگەڵ دابڕان لە مرۆڤی سەرەتایی، خۆی تێدا بینییەوە، کۆمەڵە و خڕبوونەوە مرۆییەکان تا پێواژۆی کۆمەڵی پلەبەندیی پێکرا و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و بە شێوازی کۆمەڵایەتیی تێیدا ژیاون، لە سۆنگەی کەرەستە بەردینەکانیانەوە، بەم گرۆی ئادەمیزادەیلە کە بە گشتیی بە کلان[52] ناو هێنراون و ژمارەیان لە نێوان بیست بۆ سی کەسێک بووە، گوتراوە مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن و چاخی بەردینی نوێ. ئەوان لە ڕێگەی ڕاووشکار و کۆکردنەوەی ڕووەکچنیی و گیا و و ئەوەی لە سرووشتدا هەبووە، ژیاون و خۆراکیان بەدەست خستووە»[53].

لەم کلانانەدا ژیان کۆمۆناڵ و هەرەوەزیی بووە:

---

50- Matrilineality.

51- Bookchin, 1991: 168.

52- Clan.

٥٣- اوجالان، ١٣٨٣: ١٥.

«مرۆڤی کۆمەڵگەی سرووشتیی لانی کەم بەبێ هیچ مەرجێک و بنجبڕانە و بە ڕەهایی پابەندی یاسای ژیانی بەکۆمەڵی ئەندامەکانی کلان بووە کە خۆیشی بەشێک بووە لێی. ئەندامی کلان ببڕاییبڕ ناتوانێت لەمەڕ هەبوونی ژیانێکی تایبەت و جیا لە ژیانی ئەوانی تر، بهزرێت. ژیان لە دەرەوەی کلان، وێنا ناکرێ. کۆمەڵگەیەکی داماڵراو لە مافی تایبەتیی، چین، پلەبەندیی و پاوانکاریی، کە میلیۆنان ساڵ بەردەوامیی هەبووە. لە هەناوی کلاندا پەیوەندیی تایبەتیی چێ نەکراوە. ئەوەی لە ڕاووشکار و بەروبوومی درەختان گلێر کراوەتەوە، هی هەمووانە. منداڵان موڵکی خودی کلانەکانن. ژن و پیاو هێشتا موڵکی تایبەتیی یەکتر نین. پێدانی ناوی کۆمۆنەی سەرەتایی بەم جۆرە کۆمەڵگەیانە، لەم تایبەتمەندییانەوە هەڵگۆزراوە.»[٥٤]

ئۆجالان بەم جۆرە ئەنجامگیریی دەکات: «کۆمەڵگەی مرۆیی، پشتئەستوور نییە بە پەیوەندییەکانی حکوومڕانییەکی ماوەدرێژ، بەڵکوو پشتئەستوورە بەو پەیوەندییانەی وا لە سەر بنەمای هەروەزیی و پێکەوەبوونی درێژخایەن چێ کراون. مرۆڤی ناو ئەم پەیوەندییانە، سرووشت لە وێنەی ئەو دایکە وێنا دەکات وا لە دامێنیدا گەورە بووە و وابەستەیی نێوان سرووشت و مرۆڤ بنەمای ژیانە»[٥٥]. بەم پێیە، لە کۆمەڵگە سرووشتییەکاندا، خەڵکی وەکوو بەشێک لە سرووشت دەژین و کۆمۆنە مرۆییەکان بەشێک بوون لە ئیکۆلۆژیای سرووشتیی.

لەو وایە ویستی ژیان لە کۆمەڵگەی سرووشتیدا، کە ئازادیی و

٥٤- اوجالان، ١٣٨٣: ١٨_١٩.

٥٥- همان.

یەکسانیی بۆ ئادەمیزاد فەراهەم دەکات، ئەو ڕەوشەی مرۆڤایەتیی ماوەیەکی درێژخایەن پێی ڕاهاتووە و لەناویدا ژیاوە، هەرگیز دانەمرکاوە و دانامرکێت و سەرهەڵدانی دەوڵەتەکان و سیستەمە هیرارشیی و هەڕەمئاساکانیش بە تەنێ ئەم ویستەیان چەپاندووە و ڕێگریی لە چەکەرە و دەرکەوتنی دەکەن[٥٦]. ویستی ئاواکردنی کۆمەڵگەی سرووشتیی لەنێوان ئەو گرووپە نەتەوەیی و بزاڤە چینایەتی و دەستە ئایینی و فەلسەفییانەی وا یەکپشوو لە درێژەی مێژوودا بۆ ئازادیی تێکۆشاون، بەردەوام بووە، ویستێکی وا هەمیشە دژبەری کۆمەڵگەی پلەبەندیی بووە:

«کۆمەڵگەی سرووشتی هەرگیز لەناو نەچووە... هەمیشە توانای خۆبەرهەمهێنانەوەی هەبووە. جا چ وەکوو ئیتنیکخوازی و سۆزی ئیتنیکیی[٥٧] چ وەکوو زەمینەیەک بۆ پەڕینەوە لە چینی کرێکار و دەرکەوتنی کۆمەڵگەیەکی نوێ، چ وەکوو کۆمەڵگەی کۆچەریی ناو لێڕەوار و بیابان، چ وەکوو لادێنشینیی ئازاد و خێزانی پشتبەستوو بە دایک بووبێت، سەرباری ئەو هەموو وێرانکارییانەی ڕوویان داوە، کەچی وەکوو ئەخلاقی زیندووی کۆمەڵگە، هەرگیز گۆڕپانی چۆڵ نەکردووە»[٥٨].

بەم پێیە، «بەپێچەوانەی باوەڕی باو، تەنها بزوێنەری پێشکەوتنی کۆمەڵگە، خەباتی سنووردار ی چینایەتی نەبووە، بەڵکوو گیانی بەرهەڵستیی مەزنی بەهاکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیزم بووە. هەڵبەت مەبەست نکۆڵیی و نادیدەگرتنی خەباتی چینایەتیی نییە، قسەکە

---

٥٦- همان

57- Ethnicity.

٥٨- اوجالان، ١٣٨٣:٨٠.

ئەوەیە ئەم خەباتە بە یەکێک لە هێزە بزوێنەرەکانی مێژوو دابنێن نەک تاکە بزوێنەر. هەمیشە ڕۆڵی هەوەڵ و سەرەکی ئەو کۆمەڵەیە دەگێڕن وا بەردەوام لە دۆخی کۆچدان بەرەو چیا و لێڕەوار و بیابان» (اوجلان، ١٣٨٣: ٨٠). بەم جۆرە ئۆجالان بانگهێشتمان دەکات بۆ دامەزراندنی «کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکی ئیکۆلۆژیک» و مەبەستی لەمە بریتییە لە سیستەمێکی ئەخلاقیی پەیوەندیی دیالەکتیکیی تۆکمەی ئاوێتەی سرووشت، لە سیستەمێکی بەم ڕەنگەدا، چاکەی گشتیی و خۆشگوزرانیی گشتیی[٥٩] لە ڕێگەی دیموکراسیی ڕاستەوخۆوە دەستەبەر دەکرێن.[٦٠]

نە بوکچین و نە ئۆجالان باوەڕیان بەو پەندە ستالینییە نەبوو گوایە هێزی بانمرۆیی[٦١] تاکەکان جڵەو دەکات. بەم پێیە، ناکرێت سەرهەڵدانی هیرارشییەت و دەرکەوتنی سیستەمی سەرمایەداریی وەکوو چارەنووسێکی داسەپاوی ناچارەکیی وێنا بکرێن. لە دیدی هەردووکیانەوە، ڕەوتی مێژوو هەمیشە دەیتوانی و دەلوا بە ڕێگەیەکی تردا بڕوات و مادامەکێ ئێمەومانان سەروەختێک کۆمۆناڵ و هەروەزییانە ژیاوین، کەواتە دەتوانین سەرلەنوێ هەمان تەرزی ژیان ببووژێنینەوە. ڕەنگە ئەمە هەمان نۆڕینی ڕزگاریبەخشی سەرەکیی ناو گۆشەنیگای هەریەک لە ئۆجالان و بوکچین بێت. هەر ئەو هیوایەی وا بۆ زیندووکردنەوەی ئەم تەرزە ژیانە لە پەرتووکی «ئیکۆلۆژیای ئازاد»ی بوکچیندا پەنهانە،

59- Welfare.

٦٠- اوجالان، ١٣٨٣: ١٦١-١٦٧

61- Transhuman.

لـە پەڕتووكـی «بەرگریكـردن لـە گەلێـك»ـی ئۆجالانیشـدا داشـاراوە؛ ئـەو هەسـتە ئاشـنا و خۆشـەی سـەروەختانێك خەڵكـی لەنـاو جۆرە پێكەوەییەكـی كۆمۆناڵیانـەدا ژیـاون و ئـەوەی ئەگەر ئێمـە بڕیار بدەین ڕۆتینـە كۆمەڵایەتییەكانمـان بگۆڕیـن، ئـەوا ڕایەمـان دەكەوێـت لەنوێ ئەزموونـی ئـەو ژیانـە بكەینـەوە.

لێ ئـەم بیرۆكانـە چـۆن دەبنـە وەڵامگـۆی پرسـی كـورد؟ ئۆجـالان پێـی وایـە گەلـی كـورد هەمیشـە پابەنـدی بنەڕەتـی هەرەوەزیـی ئۆرگانیك بـووە؛ خـۆی واتەنـی، كۆمەڵـی كوردەواریـی لە مێژوودا پشـتی بە كڵان و كۆنفدراسـیۆنە خێڵەكییەكان بەسـتووە و تەرێزی لە كۆمەڵگە دەوڵەتییە ناوەندگـەراكان گرتـووە، جـا لـەم سـۆنگەوە كـورد زەمینەیەكـی پتـەوی ئازادییـان هەیـە، مسـۆگەر ئـەو جەخـت دەكاتـەوە كـە ئازادیـی گەلـی كورد بە واتای ئازادیی هەمووانە، ‹›هەموو چارەسـەرێك تێهەڵكێشـێكە لـەو هەڵبژاردانـەی كـە نـەك تەنیـا بـۆ گەلـی كـورد گرنگـە، بەڵكـوو وەڵامگـۆی هەمووانـە، ئەمـە واتـا مـن بەپێـی چێوەیەكـی مرۆڤدۆسـتانە لـەم پرسـە دەنـۆڕم، یـەك مرۆڤایەتیـی، یـەك سـرووشـت، یـەك جیهان.›› (بەرگرییكـردن لـە گەلێـك، وەرگیـراو لـە Biehl, ٢٠١٤) ئـەو پێـی وایـە كاتێـك كـوردەكان نەختەنەختـە پێیـان بـۆ دەزگـەی دیموكراتیـك هەڵهێنا، ئـەوا دەرەنجـام سـەرپاكی توركیـا دیموكراتیـزە دەبێـت، ئـەم دەزگانـە دەبنـە تـۆڕێـك و بـە نێـو تانوپـۆی سـنووره نەتەوەییەكانـدا هەڵدەخرێن و زەمینـە بـۆ دەركەوتنـی شارسـتانییەتی دیموكراتیـك لـە تێكـڕای ناوچەكـەدا دەكـەن، جـا نـەك تەنیـان ئازادیـی بـۆ كـوردان دێنێـت، بەڵكوو جیۆپۆلەتیـك و فەرهەنگییـش نـوێ دەكاتـەوە، سـەربار، یەكێتییەكـی كۆنفیدرالیزمـی دیموكـرات لـە سـەرتاپێی ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن دێنێتـە بـوون، ئـەو ئـەم گوزارشـتە كوردییـە بـۆ ناونانـی شـار ‹كۆنفیدراڵێمـی دیموكراتیـك› ناودێـر دەكات.

‹مانیفیستۆی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکی کوردستان›، کە ئۆجالان لە مارسی ٢٠٠٥ـدا وەشاندی، بانگهێشت و بانگەوازە بۆ هێنانەئارای (پێکهاتەیەکی کۆمۆناڵ دیموکراتیک)ـی پشتئەستوور بە کۆمەڵگەی سرووشتیی، کە تێیدا ‹›بڕیار و فەرمانە کارگێڕییە سەرەکییەکان لە دەستی ئەنجوومەنی گوند و گەڕەک و شار و ئەندامەکانی ئەو ئەنجوومەنانەدایە. تەنیا بڕیاری گەل و ئەندامانێتیی دەخوات.›› لەم سیستەمەدا:

ئەم سیستەمە، سیستەمی دیموکراتیکی نادەوڵەتیی گەلە. سیستەمێکە گشت توێژەکانی گەل، لە سەرووی هەموویانەوە ژن و گەنجان، سیاسەتی ڕێکخراوەیی دیموکراتیکییانەی خۆیان دەستنیشان دەکەن و لە سەر بنەمای هاووڵاتیی کۆنفیدراسیۆن بە شێوازی ڕاستەوخۆ و یەکسان، ئەنجوومەنی هاووڵاتییانی ئازادی خۆیان لە ناوچەکەدا بەرپا دەکەن... ئەم سیستەمە هێزی خۆی لە گەلەوە بەدەست هێناوە و لە بواری ئابووریشدا هەوڵ دەدات بگات بە ئاستێک پشت بە بەروبوومی ناوخۆیی ببەستێت[٦٢].

کاتێک بوکچین لە مانگی جۆلای ٢٠٠٦ـدا کۆچی دوایی کرد، پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە پەیامی پرسە و سەرەخۆشیدا، ڕایگەیاند: « تێزەکەی بوکچین لە بارەی دەوڵەت، دەسەڵات و هیرارشیەت، لە ڕێگەی بەرخۆدانی ئێمەوە جێبەجێ دەبێت و دێتە دی... ئێمە ئەم هیوایە بۆ کارکردن لەم ڕێگەیەدا دەپارێزین تاوەکوو ببینە یەکەمین کۆمەڵگە کە کۆنفیدرالیزمێکی دیموکراتیکی بەرجەستە، بەدی دێنێت». ئێستا لانی کەم سێ ساڵێک دەبێت کە خونچەی ئەم سیستەمە لە کوردستانی تورکیا و بەدوایدا لە ڕۆژاڤا، بە پشتبەستن بە هەرسێ بنەمای ئیکۆلۆژیی و دیموکراسیی و یەکسانیی جێندەریی پشکوتووە و کۆبانی یەکێکە لەو گوڵانە.

62- http://www.pkkonline.com/farsi/index.php?sys=article&artID=20

## سەرچاوەکان:

١. اوجالان، عبدالله (١٣٨١آ). از دولت کاهنی سومر به‌سوی تمدن دموکراتیک. ترجمهٔ مرکز انتشارات ارد. اتحادیهٔ روشنگری دموکراتیک (ارد)
٢. اوجالان، عبدالله (١٣٨١ب). آفتاب آزادی (یادداشتهای رهبر آپو). ترجمهٔ مرکز انتشارات ارد. اتحادیهٔ روشنگری دموکراتیک (ارد)
٣. اوجالان، عبدالله (١٣٨٣). دفاع از یک خلق. بینا
٤. اوجالان، عبدالله (١٣٨٩آ). راه انقلاب کردستان. ترجمهٔ گروه مترجمان. مرکز نشر آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان
٥. اوجالان، عبدالله (١٣٨٩ب). آزمونی در باب جامعهشناسی آزادی (مانیفست تمدن دموکراتیک، کتاب سوم). ترجمهٔ آ. کاردوخ. مرکز نشر آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان
٦. اوجالان، عبدالله (١٣٩١). نقشهٔ راه. ترجمهٔ باران ر. بریتان. مرکز نشر آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان
٧. اوجالان، عبدالله (١٣٩٢). مسئلهٔ کُرد و رهیافت ملت دموکراتیک: دفاع از کُردها، خلقی در چنگال نسلکشی فرهنگی (مانیفست تمدن دموکراتیک، کتاب پنجم). ترجمهٔ آ. کاردوخ. مرکز نشر آثار و اندیشه‌های عبدالله اوجالان
٨. گرابر، دیوید (٢٠١۴). «چرا جهان کُردهای انقلابی سوریه را نادیده میگیرد؟». ترجمهٔ رحمان بوذری

9. http://www.thesis11.com/Note.aspx?Id=240
10. Best, S. (1998).” Murray Bookchin’s theory of social ecology: An appraisal of the ecology of freedom.” Organization & Environment, 11(3)
11. Biehl, Janet (2014). “Bookchin, Öcalan, and the Dialectics of Democracy Reply”. http://attackthesystem.com/2014/10/18/bookchin-ocalan-and-the-dialectics-of-democracy/
12. Biehl, Janet (2007). “Bookchin Breaks with Anarchism”. COMMUNALISM, 12, Oct. 2012
13. Bookchin, M (1991). The Ecology of Freedom: The Emergence and Dissolution of Hierarchy. Montreal: Black Rose
14. Bookchin, M (1995). “Libertarian Municipalism: The New Municipal Agenda”. http://dwardmac.pitzer.edu/Anarchist_Archives/bookchin/libmuni.htm

★★★